

لێکۆڵینەوە

رزگار جەباری



وێنەدانەوەی غەزەلی

(الا یا ایها الساقی...)

لە خەیاڵی شاعیرانی کورددا

خواجه (شمس الدین محمد) حافزی شیرازی، ناسراو به لسان الغیب (1325_1388ز) یەکێکە لە دەنگە هەرە دیارەکانی شیعری عیرفانی و سۆفیگەری و ئەوینی لاهوتی لە نێو ئەدەبیاتی فارسی و رۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت جیهانیشدا، کە چەندین وێنەو چەمک و دەستەواژە و گوزارشتی تازەی خستووەتە نێو شیعری عیرفانی فارسییەوە. بە داهێنانە جوانەکانی، دەکرێت بە هونەرمەندی نەخش و نیگارسازیی خانەقای شیعری عیرفانی و سوفیزمی فارسی دابنرێت، کە (سەنایی) و (عەتتار) و...هتد، بنەمایان بۆ دارشت و (مەولانا) و (سەعدی) و چەندین شاعیری دیکە، دیواریان لەسەر هەڵچنی. بەو پلە و پایە روحی و وێژەیی و زانستییەی کە هەیبووە، بەردەوام جێگای رێز و خۆشەویستی هەموو لایەک و بەتایبەتی پاشایانی ئال موزەفەر و تەیموری بووە.

حافز خاوەن دیوانێکی شیعرییە و پتر لە 500 غەزەل و ژمارەیەک چامەو چوارینە لە خۆدەگرێت، کە (محەمەد گوڵەندام)ی هاوڕێی خۆی بۆی کۆکردووەتەوە. ئەم دیوانە خۆشەویست و دڵپەسەندی کۆمەڵی عاریفان و شاعیران و ئەدیبان و ئەدەبدۆستان بووە. هەمیشە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان و دەربار و دیوەخانی دەسەڵاتداران و دانیشتنە ئەدەبییەکانی پێ گەرم کراوە و پێ رازاوەتەوە. ئەم دیوانە بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1791 لەلایەن پیاوێکی بیانی بە ناوی (ئاب جان)ەوە، لە (کەلکەتە) بە سەرپەرشتی (ئەبو تالیب خان) کە ئەدیبێکی هندی بوو، چاپ کراوە. لەئەمڕۆشدا، ساڵانە دامودەزگا چاپەمەنی و بڵاوکارەکانی ئێران، بە چەندین دیزاینی جیاوازەوە لە قەبارە و خۆشنووسی و نەخش ونیگاردا چاپی دەکەنەوە و دەیخەنەوە بەر دیدی شەیدایانی حافز. لە رەفەدا هاوشانی قورئانی پیرۆز لە زۆربەی ماڵانی ئێرانیدا دەبینرێت. تەنانەت هێندە پیرۆز تەماشای کراوە، کە خەڵکی بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی کار و پرۆژەیەکی گرینگ، یان بۆ دۆزینەوەی شتێکی نادیاردا، پەنای بردووەتە بەر و فاڵی پێگرتووەتەوە. هەر لەم سۆنگەوە بە (فاڵنامەی حافز)یش ناسراوە. ئەمەش چەندین حیکایەتی سەیر و سەرنجڕاکێشی بەدوادا هاتووە. یەکێك لە حیکایەتەکان بەم جۆرەیە: رۆژێك کەریم خانی زەند سەردانی مەزاری حافز دەکات. بە هەلی دەزانێت فاڵێك بگرێتەوە بۆ ئاکامی ئەو هێرشەی ماوەیەك بە خەیاڵیدا دێت و دەچێت، کە مەبەستی بوو، بۆ سەر یەکێك لە شارەکانی دەوروبەر ئەنجامی بدات. بەڵام دوودڵی و دوڕنگی بەرۆکی بەرنەدەدا، تاکو دیوانەکەی کردەوە و سەرەتای غەزەلەکە بەم دێڕە دەست پێدەکات:

ساقی به نور بـــــاده بر افروز جام ما

مگرب بگو که کار جهان شد به کام ما

واتە: مەیگێڕ بە روشنایی شەراب هەڵبکە بەرداخی ئێمە... بەزمساز بچڕە کە کاری جیهان بەگوێرەی بەختی ئێمە بوو.

دەگێڕنەوە کە کەریم خان لەو دووودڵییە رزگاری دەبێت، و پاش چەند رۆژێك زۆر بە ئاسانی توانی ئەو شارە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. شاعیری هەست ناسکی کوردیش، بێسارانی بەم جۆرە پەنا دەباتە بەر حافز و فاڵنامەکەی و داوای فاڵی لێ دەکات، پاش ئەوەی بەو فاڵە دڵی رۆشن دەبێتەوە، نزای بۆ دەکات:

حافز باجەتی شاخ نەباتت

بە نوشیدەی نۆش جورعەی مەماتت

بە تەمای گوڵگەشت سەیر موسەللاّت

بە ئاو روکناباد سەرچەشمەی حەیات

بە لسان الغیب سینەی پڕ جە دوڕ

ســـینەی پڕ جە دوڕ بەحر مەعنا پوڕ

فاڵێ وەسفولحال باوەرە پەرێم

موناسب بە حاڵ جەستەی خەستەی وێم

حافز تۆ کە فاڵ پەرێم ئاوەردی

موناسب بە حاڵ دڵ ڕۆشن کەردی

هەر شەو جە ئاسمان قەبرت پڕ نوور

بۆ دیـــــدەی بەد جە شاخ نەباتت

دوور بـۆ شـیعرەکانی حافـز لەمێـژە جێـگای بایەخـی ڕۆژهەڵاتناسـان و ڕۆشـنبیرانی بیانـی بـووە. گۆتـەی ئەڵمانـی (1749_1832z) خوێندنـەوە و لێکدانـەوەی لەسـەر ئەنجـام داوە، تاکـو خوێنەرانـی ئەڵمانـی بـێ بـەش نەبـن لـە تـام و چێـژی شـیعرەکان و نهێنـی و جوانـی خەیاڵـە بەرفراوانەکـەی حافـز. نیچـە و ئینگڵـس پەسـنیان کـردووە و تاگـوور خـۆی بـە قوتابـی ئـەو زانیـوە و سـەردانی ئارامگاکـەی کـردووە. بـۆ 30 زمانـی زینـدوو تەرجوومـە کـراوە. خاتوو(گرترودیـل) باشـترین وەرگێڕانـی زمانـی ئینگلیـزی بـۆ کـردووە. لەلایـەن د.ئیبراهیـم ئەمینـەوە تەرجوومـەی عەرەبیـش کـراوە. سـەبارەت بـە ڕۆشـنبیرانی کـورد، شـاعیران و عاریفـان و خوێنەوارانـی کوردزمـان، وێـڕای هاوڕەگـەزی، بـەو پێیەی بـە درێژایـی مێـژوو هاوسـێی فـارس بوونـە، لـە مێـژە ئاشـنای ئەدەبیاتـی فارسـین، بـە تایبەتـی بـە شـیعرەکانی حافـز و داهێنانـە هونەرییەکانـی زۆر سەرسـام بوونـە، بۆیـە ئـەم سەرسـامییە کاری تێکـردوون و لای ژمارەیـەك لـە شـاعیرە مەزنەکانـی کـورد مایـەی هەوێـن و سروشـی داهێنانـی شـیعری بـووە. مـەلا و فەقـێ و قوتابیانـی حوجـرەکان و قوتابخانـە ئایینییەکانـی کوردسـتان لـە پـاڵ وانـە ئایینییەکانـدا، کـە بـە گشـتی بـە زمانـی عەرەبـی بوونـە، هـاوکات لەگـەڵ چەنـد شـاعیرێکی دیکـە وەکو شـێخ سـەعدی، خەریکـی ڕاڤـە و لێکدانەوە و لەبەرکردنـی شـیعرەکانی بوونـە. هەروەهـا شـێخ و سـۆفی و موریـد

لێکۆڵینەوە

و پیرانی تەریقەت لە تەکیە و خانەقاکاندا زەمزەمەیان پێ کردووە. شاعیرانیش کە لەو دوو توێژەوە هەڵدەقووڵان زیاتر بایەخیان پێ داوە و سروشیان لێوەرگرتووە و ئەمەش لە دووتوێی دیوانەکانیاندا رەنگی داوەتەوە. پێنج خشتەکی و چوار خشتەکیان لەسەر نووسیوەتەوە، یان تێهەڵکێشیان کردووە، زۆرجاریش واتاو چەمك و وێنە و فیگەر و گوزارشتیان لێ وەرگرتووە. هێندە حافزیان لا مەزن بووە، هەر کاتێ ویستبێتیان شاعیرێتی و پلەی شاعیرێتی خۆیان یان شاعیرێکی دیکە دەربخەن و هەڵسەنگێنن، لێکچوون و بەراوردیان لەگەڵ حافزدا کردووە. وەك مەلای جزیری دەڵێت:

ژ حافز قوتبێ شیرازی (مەلا) فەهم ئەر بکی رازی

ب ئاوازێ نەی و سازێ ببێ بەر چەرخێ پەروازێ

(مەحوی)ش بە ناحەزانی دەڵێ:

بڵێ بە ئەهلی حەسەد (مەحویا) وەکو (حافز)

قبول خاگر لگف ســـــــخن خدا داد اســـت

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

(نالی)ی و خاکی بەبە (حاجی) و کۆیە بە مەسەل

هەروەکو (حافز) و شیرازە (کەلیم) و هــەمەدان

مەلا رەنجووریش لە نامە شیعرییەکدا بۆ وەلی دێوانەی دۆست و

هاورێی خۆی بەم جۆرە پەسنی دەکات:

(سەعدی) سوخەن دان بەحر مەعانی

(حافز) شیراز (سائب) سانی

وەك دەبینین چۆن ئەم شاعیرانە پلە و توانای شاعیرێتی خۆیان و ئەوانی دی بە بەراوورد لەگەڵ حافزدا دەخەنە روو؟ بێ گومان ئەمە نیشانەی ئوستادی حافزە، لای شاعیرانی کورد.

لەو شاعیرە کوردانەی کە دیوانەکەیانیان جێگای وێنەدانەوەی غەزەلەکانی حافز بووە، دەتوانین ئاماژە بۆ چەند کەسێکیان بکەین لەوانەش: (مەلای جزیری، سالم، ئەحمەدی کۆر، مەحوی، مەلا رەنجووری زەنگنە: پێنج خشتەکییەك بە زاراوی سۆرانی ئەم هەوڵەش زۆر گرینگە چونکە دەکەوێتە پێش نالی و شاعیرانی دیکەی بابان، شێخ نورالدین بریفکانی، میهری مزووری ئامێدی، شێخ رەزا، ناری، حاجی قادری کۆیی، گروسی ، وەداعی: شاعیریکی کلاسیکی کرمانجی

ژوورو، ئەسیری، قانیع: پێنج تێهەڵکێشی هەیە، مەلا وەسمان: کوچکەی چوارەمی بابان، ئیمامی، ئەفخەمی، حیشمەت: شاعیرێکی نەناسراو، و...هتد). هەروەها کەشکۆڵنووسانی کورد بایەخێکی باشیان بە کۆکردنەوە و نووسینەوەی شیعرەکانی حافز داوە، کە لەسەر شێوەی بەیاز لە کەشکۆڵدا تۆماریان کردووە. لێرەدا دەتوانین ناوی هەندێ لەو کەشکۆڵانە بنووسین کە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە کتێبەکانی خۆیدا بە خوێنەرانی ناساندوون، لەو کەشکۆلانەش: (کەشکۆڵێکی شیعری کرمانجی ژوورو، کەشکۆڵی حاجی مووراد، مەولانا حەمزە، مەلا عەبدوڵلا مەریوانی، محەمەد مەسیحا، جزیری، عەبدولقادر، مەلا ئەحمەدی دەککە، سەید محەمەد). هەروەها لێرەولەوێ چەند شاعیرێکی کورد، لە هەڵبەستێکدا لیستێکیان بۆ ناوی شاعیران کردووەتەوە. بۆ نموونە میرزا خەلیلی منەوەر، لە دەفتەرێکدا کە لیستی ناوی 37 شاعیری کورد و فارس ریز دەکات و بەو جۆرە ئاماژە بە ناوی حافز دەکات:

(زەن شا)ی ئێران (مەلا ئەحمەد کور) (شێخ سەعدی) شیراز (حافز) مەشهور یان حاجی برایمی شاتری کە شاعیرێکی دەوروبەری کفرییە شاعیران و رۆشنبیرانی کورد تەنها بەوەندەوە رانەوەستاون، بەڵکو لێرەولەوێ کاری وەرگێڕان و راڤە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کردووە. یەکێکی وەك موشفیق زەنگنە کرماشانی (1237_؟ کۆچی) راڤەیەکی لەسەر نووسیوە کە جێگای پەسەندی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بووە. هەروەها مامۆستا عەباسی حەقیقی (1902_1996ز) کە شاعیرێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە (100) غەزەل وەك گوڵبژێرێك لە دیوانەکەی حافزی بە ناوی (شەونم) بە شیعرەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. مامۆستا د.ئەمین موتابچی 36 غەزەلی تێهەڵکێش کردووە و لە نامیلکەیەکدا چاپی کردووە. رۆژنامەنووس (سلێمان چیرە) یەك یەك لە شیعرەکانی وەردەگێڕا و لە وەرزنامەی گزینگ چاپی سوید و هەروەها لە سایدەکەی خۆی بڵاوی دەکردەوە. ناسری حیسامی کاری وەرگێڕانی لەسەر کردووە. مامۆستا محەمەد محەمەد ئەمین (ساری) 87 غەزەلی وەك گوڵبژێرێکی لێ وەرگێڕاوە و بڵاوی کردووەتەوە. بەڵام یەکێك لە هەوڵە باشەکان، کارە نایابەکەی مامۆستای بەهەشتی ئەکرەم عەنەبی بوو کە تا رادەیەك راڤەیەکی هەمەلایەنەی بۆ بەشێکی هەرە زۆری دیوانەکە کردووە، و لە سێ بەرگ دا بە ناوی (مەحرەمی راز) بڵاوی کردووەتەوە، کە مەخابن مەرگ مەودای نەدا ئەو پرۆژەیە تەواو بکات. شایانی باسە چی لە رابردوو و چی لە ئەمڕۆدا ریسالە ئەدەبی و عیرفانییەکان لە راڤەی شیعردا بە نموونەی شیعریی حافز رازاوەتەوە و بەڵگەکاریی تێدا کراوە. بۆ نموونە مەلا جەرجیسی کوڕی محەمەدی ئەربیلی لە دووتوێی ریسالەی فەتحییەدا کە راڤەی غەزەلێکی مەلای جزیریە، بۆ دەوڵەمەند کردن و پشتڕاستکردنەوە و بەڵگەکاری راوبۆچوونەکانی، گەلێ دێڕی لە دیوانەکەی حافز هێناوەتەوە. هەروەها لە ژیانی مۆدێرنی ئەمڕۆشدا، بە گشتی حافز پشکی شێری بەرکەوتووە، لە توێژینەوەی زانستی و نامەی ماستەر و دوکتۆراکاندا، بە تایبەتی لە ئەدەبی بەراوورد کاریدا.

لێرەدا ئێمە لە چەند دێڕێکدا ناتوانین جێ پەنجەی حافز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دیاری بکەین، چونکە زۆر بەرفراوانە، بۆیە ویستمان

تەنها لە کلاورۆژنەی غەزەلی (الا یا ایها الساقی....) باس لەو تیشکە بکەین، کە چووەتە نێو خەیاڵی داهێنەرانەی شاعرانی کوردەوە.

بەرلەوەی بێینە سەر باسی وێنەدانەوەی ئەم غەزەلە،دەبێت بڵێین: وە نەبێت کە تەنها شاعیرانی کورد بایەخیان پێ دابێت، بەڵکو شاعیرانی خودی فارسیش بەهرەیان لێ وەرگرتووە. لەوانە شێخی ناوداری نەقشبەندی واتە مەولانا جامی (817_898 کۆچی مانگی) سروشی شیعرێکی لێ وەردەگرێت و دەڵێت:

شراب لعل باشد قوت جانها قوت دلها

الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها

لە هاوچەرخەکانیشدا، ئایەتوڵڵا خومەینی کە دیوانە شیعرێکی لە پاش بە جێماوە. لە یەکێک لە غەزەلەکانیدا جێ پێی حافز هەڵدەگرێت و دەڵێت:

الا یا ایها الساقی برون بر حسرت دلها

که جامت حل نماید یکسره اسرار مشکلها

ئەم غەزەلەی حافز حەوت دێرە و بە پێی ریزبەندی پیتەکانی ئەبجەدی بۆ سەروا کە دیوانەکەی لەسەر رێکخراوە، دەکەوێتە سەرەتای بە شی ((غەزەلیات))ەتەوە، و کێشەکەی لەسەر بەحری هەزەجی هەشتی تەواوە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) و ئەمەش غەزەلەکەیە:

الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها

که عشق اسان نمود اول ولی افتاد مشکلها

به بوی نافه کاخر صبا زان گره بگشاید

ز تاب جعد مشکینش چه خون افتاد در دلها

مرا در منزل جانان چه امن عیش چون هر دم

جرس فریاد میدارد که بر بندید محملها

شب تاریك و بیم موج و گردابی چنین هایل

کجا دانند حال ما سبکباران ساحلها

همه کارم ز خود کامی به بد نامی کشید اخر

نهان کی ماند ان رازی که زو سازند محفلها

حچوری گر همی خواهی ازو غائب مشو حافظ

متی ما تلق من تهوی دع الدنیا و اهملها

خەتمی لاهوری (خاوەنی لێکدانەوەی عیرفانی غەزەلیاتی حافز) ئەم نیوە دێرە بە هی شاعیری گەورەی عەرەب (لبید: لوبەید) دەزانێت، بەڵام مامۆستا محەمەد ئەفەندی (سودی بۆسنەیی) کە لێکدانەوەیەکی زمانەوانی و ئەدەبیانەی تورکی بۆ غەزەلەکانی حافز کردووە، دەڵێت: نیوە دێرِی یەکەمی ئەم غەزەلە، هی یەزیدی کوڕی موعاویەی ئەمەوییە (646_683ز) و لە بنەڕتدا بەم شێوەیە بووە:

انا السموم ما عندی بترياق و لا راقی

ادر کأسا و ناولها الا یا ایها الساقی

بە وتەی موتەهەری لە موحازەرەکانی خۆیدا لەسەر حافز: یەزید یەکەمین شاعیری عەرەبە کە لە پاش هاتنی ئایینی ئیسلام، وەك شاعیرانی سەردەمی جاهیلی شیعری بەسەر مەی و شەراب و رابواردن و خۆشی ئەم دونیایە هەڵداوە و قسەی هەرزەیی و لائەبالی گوتووە و روی لە کۆڕی مەی و گۆرانی و خۆشگوزەرانی گێتییانە کردووە و چەشنی ئەپیکۆریستەکان جەوهەری بوون و ژیانی گەڕاندووەتەوە بۆ چێژی جەستەیی. بەمەش یەزید بووەتە خاوەن رێچکەیەکی تایبەت

حاجی قادری کۆیی

بە خۆی لە شیعری عەرەبیدا کە یەزیدگەریی پێ دەلێن. سەبارەت بەم وتانە موتەهەری زۆر بەڵگەی شیعری لە دیوانەکەی یەزیدەوە بە دەستەوە دەدات، کە باسی ئێرە نییە. شیاوی باسە یەزید دیوانە شیعرێکی لە پاش بە جێماوە کە رووناکی چاپی پێ گەیشتووە. سەبارەت بەم تاك دێڕە (عەللامە قەزوینی) و (دکتۆر غەنی) بە هی یەزیدی نازانن. هەروەها مامۆستا (مینەوی) لە پەراوێزی دیوانی حافزدا نووسیویەتی: ئەمیر خوسرەوی دەهلەوی (لەساڵی 725 کۆچ مانگیدا _ 1388زایینی _ مردووە و دەکاتە ساڵی لەدایك بوونی حافز) ئەم نیودێڕەی لە شیعرێکی خۆیدا هێناوەتەوە، نیودێڕەکەش ئەوەیە کە ئێمە لەسەر زاری مامۆستا سەید تاهیری هاشمییەوە لەسەرەوە دامانە پاڵ مەولانا جامی. هەڵبەتە هاشمی هەمووی غەزەلەکەی لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوەتەوە. بەهەر حاڵ هی دەهلەوی بێت یان جامی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە مینەوی ئەوەی یەکاڵا نەکردووەتەوە کە تاك دێڕە عەرەبییەکە هی خودی دەهلەوییە یان نا. کەواتە ئەگەر غەزەلەکە هی ئەویش بێت، دوور نییە تاك دێڕە عەرەبییەکەی تێهەڵکێش کردبێت. هەروەها دکتۆر (هروی) لە شەرحەکەی خۆیدا بۆ دیوانەکەی حافز دەڵێت: ئەم تاك دێڕەم لە دیوانە چاپکراوەکەی یەزیددا بەرچاو نەکەوتووە، کە هەم شیعرەکانی خۆی و هەم ئەو شیعرانەی دراونەتە پاڵی، لەخۆی دەگرێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وا باوە کە هی یەزیدە و نموونە بۆ ئەمەش:

ئەهلی شیرازی پاساوی بۆ ئەم تێهەڵکێشەی حافز هێناوەتەوە، بە پارچە شیعرێك کە زیاتر بۆنی مەزهەبگەر لێ دێت لەوگۆڕەی فتوا دەخاتە سەر زاری حافز و دەڵێت:

خواجه حافز را شبی دیدم به خواب
گفتم ای در دانش بی هـــمال
از چه بستی بر خود این شعر یزید
با وجود این همه فچل و کمال
گفت واقف نیستی زین مســـــئله
مال کافر هست بر مؤمن حلال

واتە: ((شەوێك خواجە حافزم لە خەوندا دیت، گوتم: ئەی ئەو

کەسەی لە زانستدا بێ هاوتای، لەبەر چی ئەم شیعرەی یەزیدت لە خۆ بەستووە، بەو هەموو فەزڵ و کەمالەوە کە تۆ هەتە. گوتی: لەم پرسە تێناگەیت کە مااڵ و سامانی بێباوەڕان بۆ باوەڕداران حەاڵڵە.((

لە لایەکی دیکەوە ((کاتبی نەیشابووری)) ئەم قسەیە رەت دەکاتەوە و بە شێوازێکی دیکە رەخنەی لە حافز گرتووە و دەڵێت:

عجب در حیرتم از خواجه حافز

به نوعی کش خرد زان عاجز اید

چه حکمت دید در شعر یزید او

که در دیوان نخست از وی سراید

اگر چه مال کافر بر مسلمان

حلال است و در او قیلی نشـــاید

ولی از شیر عیبی بس عزیم است

کـــه لقمه از دهان ســـگ رباید

واتە: ((سەرم سوڕماوە لە خواجە حافز، بە جۆرێك کە هەزر لێی دۆش دادەمێنێ، چی حیکمەتێکی بینی لە شیعری یەزیددا، کە لە دیوانەکەیدا، سەرەتا لەوەوە دەهۆنێتەوە. ئەگەر چی سامانی بێباوەڕان بۆ موسڵمان حەاڵڵە...بەاڵم بۆ شیر زۆر شووڕەییە کە پاروو لە دەمی سەگ بڕفێنێ...))

وەك ئاشکرایە ئەمانە لە ڕووانگەی مەزهەبگەرییەوە دەڕواننە مەسەلەکە. تا لە ڕووانگەیەکی ئەدەبی و زانستییەوە.

بەاڵم هەر لە سۆنگەی ئەم تاك دێڕە شیعرەوە، هەندێ لە توێژەران لەو باوەڕەدان کە حافز لە شیعردا خەریکی یەزیدگەری بووە، نەك سۆفیگەری و جیهانی ڕوحانی و ئەوینی الهوتی. دوا شت لەسەر ئەم پرسە کە حەز دەکەم ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئەم تاك دێڕە ئەگەر هی یەزیدیش نەبێت، هی لوبەیدیش نییە وەك الهوری دەڵێت. چونکە من بە خۆم سەرتاسەری دیوانی لوبەیدم پشکنی، بە هیچ جۆرێ بەرچاوم نەکەوت.

لێرەوە دەچینە سەر دەنگدانەوە و وێنەدانەوەی غەزەلەکە لەالی شاعیرانی کورد. باسەکەمان وە نەبێت کە توێژینەوە یان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەکادیمی بێت، بەڵکو زیاتر بیلۆگرافیای ئەم غەزەلەیە لە الی شاعیران و نووسەرانی کورد و زیاتر کارێکی

ئینسکلۆپیدیاییە. دەنگدانەوە و زایەڵەی ئەم غەزەڵە لای ژمارەیەك شاعری کورد دەبینرێت. ئێمە لێرەدا بەپێی ریزبەندی مێژوویی ئاماژەیان پێدەکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی باسەکە زۆر درێژ نەبێتەوە، هەوڵ دەدەین تەنها کۆپلەکانی سەرەتا و کۆتایی بخەینەبەرچاو.

* شێخ ئەحمەد جزیری (1567_1640ز)، رەنگە یەکەم زایەڵە لە لای مەلای جزیری بەرچاو بکەوێت، چونکە نموونەی کۆنتر لەومان لەبەردەستدا نییە. مەلای جزیری چوارخشتەکییەکی لەسەر نووسیوە کە ژمارەیان هەشت چوارخشتەکییە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

نەوایا موتریب و چەنگێ فەغان ئاڤێتە خەرچەنگێ

وەرە ساقی هەتا کەنگێ نەشۆیین دل ژ ڤێ ژەنگێ

حەیاتا دل مەیا باقی بنووشـــــین دا ب موشـــتاق

الا یا ایها الســـــاقی ادر کأســـــا و ناولـــــها

مەلا لەسەر دێڕی یەکەم، دوو چوار خشتەکی دارشتووە. ئەوانی دیکەی لەسەر نیودێڕی دووەم دارشتووە. دێڕی یەکەم یەك سەروایان هەیە و لە ناوەڕاستیشدا بە هەمان سەرواوە پشوو هەیە، کەچی نیودێڕی سێیەم لەسەر پشووی نیودێڕی چوارەم، سەروای بۆ داناوە و پشووەکەشی هەمان سەروای هەیە. دەتوانین بڵێین مەلا، فۆرمێکی زۆر جوانی موزاییکی بە شیعرەکە بەخشیوە و لە هەندێ دێڕیشدا هەست دەکەین پەیڤەکانی حافزی تەرجوومە کردووە. بە گشتی لە چوارخشتەکیی سێیەم و چوارەم و پێنجەمدا دێڕی سێیەمی بەزمانی فارسی دارشتووە و سەرواکانیان لەسەر پشووی ناوەڕاستی دێڕی چوارەم داناوە کە هی حافزە وتێهەڵکێشی کردووە. دێڕی سێیەمی لە چوارخشتەکی کۆتاییدا بە زمانی عەرەبی دارشتووە. بەمجۆرە کارێکی رەنگین بەرهەمهێناوە کە چێژێکی زۆر بە خوێنەر دەبەخشێت. سەبارەت بە ناوەرۆك هەمان ئەو بۆچوونە جیاوازانەی لەسەرە کە حافز دەگرێتەوە. هەندێ پێیان وایە واتایەکی ئەوینی مەجازی هەیە و ئەو چەمك و گوزارشتانەی بەکاری هێناون، هیچ نهێنییەکی تێدا نییە و سیمبوڵ و ئاماژەیەکی مەعنەوی لەخۆناگرن.بەڵام وەك لە سەرتاسەری دیوانەکە ئاشکرایە، کە مەلا نەك تەنها خەریکی بەها و فێرکاری و تیۆرییەکانی تەسەوف و عیرفانی بووە وەك زات، بەڵکو تەنانەت ویستوویەتی عیرفان بکاتە بەرنامە و کولتووری رۆژانەی ژیانی دەوروبەریشی. وەك بەڵگە دەتوانین بڵێین کارکردنی جزیری لە سەبکی عێراقی و کاریگەرییە تایبەتییەکەشی بە دوو نوێنەری خاوەن دەنگی ئەم سەبکە، واتە حافز و سەعدی و بابەتی سەرەکی سەبکی عێراقی کە تەسەوف و عیرفانە، جزیری دەخاتە ریزی سۆفی و عاریفەکانەوە. بۆیە لەو بارەوە مشتومڕی زۆر هەڵناگرێ.

*گەروسی (1596_؟ز)

یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی گۆرانزمان، لە سەردەمی شاعەباسی گەورە و هەڵوخانی والی کوردستان (سنە)، ژیانی ئەو هاوکاتە بە سەرەتاکانی سەدەی یانزەهەمی کۆچی مانگی. لە دەوروبەری ساڵی 1596 بۆ 1597ز لە دایك بووە. هۆنراوەیەکی (ملمع) تێهەڵکێشی لەسەر غەزەلەکەی حافز هەیە. مامۆستا (محی الدین صالحی) دەڵێت: لە پەرتووکخانەی بنەماڵەی ئێمەدا، ئەو شیعرە بەرواری 1113 کۆچی مانگی (بەرامبەر بە 1699ز) لەسەرە. دێڕی یەکەمی شیعرەکە بەمجۆرە دەست پێدەکات:

لێکۆڵینەوە

جه عشق و دەرد دورینان ورونم سۆچیا و گریا

الا یا ایها الســـــــــــاقی ادر کأسا و ناولها

له کۆتایشدا دەڵێت:

((گڕوسی)) ئارەزوویش هەن ئەگەر ئێد بوو موراد و دڵ

متی ما تلق من تهـــــوی دع الـــــدنیا و اهمـلـــــها

شـایانی باسـه ئـەم شـیعره یەکێکـه لـەو شـیعره دەگمەنانـەی شـیعری گۆرانـی (هەورامـی) کـه لەسـەر کێشـی عـەرووزی عەرەبـی هۆنراوەتـەوه، چونکـه شـیعری گۆرانـی بەدرێژایـی مێـژوو لەسـەر کێشـی پەنجـه (کێشـی خۆمالّـی کـه دەبڕگەییـه) هۆنراوەتـەوه. هـەر لـه ئەدەبیاتـی یارسـان و شـیعرەکانی مـەلای مەرێشـان و داسـتانه شـیعرییەکان و شـانامەی کـوردی تاکـو دوا نوێنـەری هـەره دیاریـان مەولـەوی لەسـەر ئـەو کێشـه رۆیشـتوون. جگـه لـه چەنـد شـاعیرێك نەبـێ کـه شـیعریان لەسـەر کێشـی عـەرووزی عەرەبـی نووسـیوه. ئـەم حاڵەتـه دەگمەنـەش ئاشـکرایه کـه تێهەڵکێشـکردن لـەم شـیعرەدا وای کـردووه، شـاعیر ناچـار بـکات، لـه کێشـی عـەرووز لا بـدات.

*شـێخ ئەحمـەدی کـۆر (1833) ز پێنـج خشـتەکییەکی لەسـەر نووسـیوه و بـەم جـۆره دەسـت پێـدەکات:

شەو و رۆژ بێ قەرارم ئەز لە عیشقی رۆویی نەو گولها

دەکەم تەی چۆڵ و بەید و بەڕ بە نااڵین شیبهی بولبولها

لە قەیدی زوڵفی تۆ ئەیمەن نییە مەجنون و عاقلها

الا یا ایها الساقی ادر کأسا و ناولها

کە عشق اسان نمود اول ولی افتاد مشکلها

له کۆتایشدا دەڵێت:

ئەلا ئەی (ئەحمەدی کوری) زەلیل و خەستە تەن عاجز

لە داخ و حەسـرەتی جانان مەلول و مات و گەردن کز

دڵت چون خـــانەی زەنبوور عەقـــاریبان لەسەر ناچز

حچوری گر همی خواهی ازو غائب مـــــشو حـــــافز

متی ما تلق من تهـــوی دع الـــدنیا و اهـــــملها

وەك دەبینیـن ئەحمـەدی کـۆر، بـۆ ریکخسـتنی سـەرواکان ناچـار بـووه لـه سـەروا کوردییەکانیشـدا نیشـانەی کـۆی فارسـی بـەکار بهێنێـت. هەروەهـا ئـەوەی جێـگای باسـه، لـه رووی ناوەرۆکـەوه شـیعرەکه لـه واتـا عیرفانییەکـەی دوور کەوتووەتـەوه و واتایەکـی تـەواو ئایینـی پێدەبەخشـێت، کـه شـاعیر لـه کۆپلەکانـی دیکـەدا بـه رووونـی نەعتـی پێغەمبـەر (د.خ) دەکات.

*سـالم (1800_1866ز) کـه یەکێکـه لـه شـاعیرەکانی سـێ کوچکـەی بابـان و دامەزرێنەرانـی ئـەو بزاوتـه ئەدەبییـه و بـه (حافـز)ی کـورد نـاسراوه، ئـەم غەزەلـەی تێهەڵکێـش کـردووه کـه لەسـەرەتاوه دەڵێـت:

بەدەل کەین با بە نەشئەی مەی غوباری میحنەتی دونیا

الا یا ایها الســـــــــاقی ادر کأســـــــــا و ناولـــها

له کۆتایشدا دەڵێت:

ویسالّی دڵبەری (سالم) موعەزەم تر لە هەر مەگلەب

متی ما تلق من تهوی دع الـــــدنیا و اهـــــملها

کارکـردن لەسـەر شـیعری حافـز و ئـەم غەزەلـه، ئـەوه دەگەیێنـێ، نوێنەرانـی شـیعری بزاوتـی بابـان کـه زاراوەی کرمانجـی خواروویـان کـرد بـه زمانـی نووسـین و ئەدەبیـات و پاشـتر زمانـی دەسـەڵات و بڵاوکردنـەوه و پرۆگرامـی خوێنـدن و...هتـد، لەگـەڵ ئـەو نوێگەرییـەدا نەیاتوانیـوه لـه

ژێـر کاریگـەری حافـز دەربـاز بـن. لـە کاتێکـدا هاوسـەردەمی ئـەوان و کەمـێ دواتـر، شـیعری فارسـی لەمێـژ بـوو مـەودای لـە شـیعری حافـز و ئـەو سـەبکە وەرگرتبـوو. ئـەوان لـە شـیعری ئـازاد نزیـك بووبوونـەوە. *حاجـی قـادری کۆیـی (1816_1897ز)، لـە غەزەلێکـی تـەڕ و ناسـکدا سروشـی لـە حافـز وەرگرتـووە و لـە ناوەڕاسـتی دێـرەکان بـە دواوە، ئوسـتادانە غەزەلەکـەی تێهەڵکێـش کـردووە و زۆریـش شـاعیرانە واتاکانـی لەگـەڵ یەکـدا گونجانـدووە. لـە سـەرەتادا دەڵێـت:

دەخیلت بم وەرە ســـــــاقی (ادر کأسا و ناولها)

غەم و غوسسەی دڵم کەم بوو (ولی افتاد مشکلها)

لە دوا دێڕیشدا دەڵێت:

ئەگەر موخلیسی عیشقی ((ازو غائب مشو حافز))

کە حاجی بۆ ســـەفەر بڕوا ((دع الدنیا و امهلها))

لەتەکانـی حاجـی لـە نیوەدێڕەکانـی یەکەم و سـێیەم و نیوەدێـڕی چوارەم و پێنجـەم و شەشـەم تاڕادەیـەك وەرگێڕانـی وشـەکانی دەقـە فارسـییەکە. وەك دەبینیـن حاجـی لـەم دێڕانـەدا وەك وەرگێـڕ، کاری کـردووە، ئەمـەش دەچێتـە هەوڵێکـی بچووکـی هونـەری وەرگێـڕان لـە ئەدەبیاتـی کوردیـدا، کـە دەشـێت سـەرەتاکەی بـۆ خانـای قوبـادی بگەڕێتـەوە لـە هۆنینـەوەی خـوسرە و شـیرینەکەی خۆیـدا، جـێ پێـی نیزامـی گەنجـەوی هەڵگرتـووە. ئەمـە لـە لای شـاعیرانی گۆرانـی بـە روونـی دیـارە لـە دارشـتنەوەی داسـتانە کۆنەکانـی وەکو رۆسـتەم و زۆراب و ...هتـد. بەهەمـان شـێوەی دیوانەکـەی مـەلای جزیـری کـە هـەژار ڕاڤـەی لەسـەر نووسـیوە، لـە دیوانەکـەی حاجیشـدا لـە بـری (اهملهـا)، نـووسراوە امهلهـا. جیـاوازی لـەم گێڕانەوانـەدا، دەگەڕێتـەوە بـۆ دەستنووسـە جیاوازەکانـی دیوانـی حافـز.



*مەحـوی(1830_1904ز) یەکێکـە لـەو شـاعیرە گەورانـەی کـورد کـە لـە کاریگـەری حافـز دەربـازی نەبـووە، لـە دیوانەکەیـدا بەروونـی و بـە تێهەڵکێـش پێنـج جـار پەنـای بردووەتـە بـەر، جگـە لـەو شـوێنانەی کـە لـە ڕووی نـاوەڕۆك و ڕوخسـارەوە لەگـەڵ حافـز یـەك دەگرێتـەوە.

ئـەوەی پەیوەنـدی بـە باسـەکەوە هەبێـت ئەوەیـە کـە مەحـوی لـە دێڕێکـدا ئاماژەیەکـی ڕاسـتەوخۆی لـە غەزەلەکـەوە

وەرگرتـووە و دەڵێـت:

دەزانی ڕۆژە ئەو، من شەو، کەچی پێشم دەڵێ (مەحوی)

حچوری گر همی خواهـــــی مشو ((حافز)) از او غـــائب

سـەروای شـیعرەکەی حافـز لەسـەر ئـاوازی وشـەی (غائـب) دێتـە خـوارەوە، بۆیـە دەبینیـن لەبـەر پێویسـتی سـەروا دەسـتکارییەکی بچووکـی ئـەو دێـڕەی کـردووە و هـەر دوو وشـەی (غائـب) و (حافـز)ی پـاش و پێـش کـردووە. لـەم نموونـەی خوارەوەشـدا لێکچوونێکـی ڕوخسـاری لـە نێـوان دێرەشـیعرێکی مەحـوی و حافـزدا هەیـە.

حافز دەڵێت:

بە می سجادە رنگین کن گرت پیر مغان گوید

کە ســـــــالك بی نبود ز راە و رسم منزلها

واتە: (بە مەی بەرمالّەکەت ڕەنگ بکە ئەگەر پیری موغان پێت بڵێ...کە ڕێبەر بێ هەواڵ و بێ زانیاری نییە، لە ڕێوشوێن و ئادابی مالاّندا)

مەحوی دەڵێت:

سەججادە مەی پیا رژاوم و عوریان و لەش بە خوون

نوێژ مـــــــەزەننە وایە لەمەولا بکـــــەن قوبوول

دێڕەکـە فارسـییەکە، دێـڕی سـێیەمی غەزەلەکەیـە و هەنـدێ لـە شـارەزایان پێیانوایـە کـە هەڵەیـەك لـە نیوەدێـڕی دووەم ڕووی داوە و دەبێـت بـەم شـێوەیە بووبێـت (کـە سـالك بـی خـبر بـود ز راە و رسـم منزلهـا)، واتـە (بـود) ڕاسـتە نـەك (نبـود). سـالك بـە واتـای ڕێبـوار لـە فەرهەنگـی عیرفانیـدا ئـەو کەسـەیە ڕێـگای تەریقەتـی گرتووەتەبـەر بـۆ گەیشـتن بـە ئەوینەکـەی. ئەگـەر سـالك بـۆ (پیـری موغـان) بگەڕێتـەوە ئـەوا (نبـود)

راستە، چونکە پیر شارەزای رێگایە. بەڵام ئەگەر مەبەستی شاعیر لە سالك (خۆی واتە موریـد) بێت، ئەوا (بود) راستە و خۆی بە رێبوارێکی تازە دەزانێت و شارەزای رێگا نییە.

* شێخ حەسەن کوڕی شێخ عەبدلکەیم (1847_1907ز) ناسراو بە پیری قەرە چێوار. ئەم پیرە، شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی کوردی (زاری گۆرانی) و زمانی فارسی هەبووە. زۆربەی شیعرەکانی حافز لەبەر بووە، بە جۆرێك کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا بەڵگەی شیعریی پێ هێناوەتەوە. لەبەرئەوەی بەخۆی سەلیقەی شیعریی هەبووە، بۆیە لەو سۆنگەوە سروشی لێ وەرگرتووە و چوار خشتەکییەکی بە زمانی فارسی لەسەر نووسیوە کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

ز حالات شب هجران نمانده شادی از دلها

نیاید شرح مهـــــجوری به تحریر اناملها

که مه به زودی سراید تا رود درد هایلها

الا یا ایها الســـاقی ادر کأســـا و ناولها

واتە: (لە باری شەوی دووری نەماوە شادی لە دڵاندا...شرۆڤەی دووری بە پەنجەکان نایەنە نووسین...کە مانگ بە زوویی هەڵبێ تاکو ئەم دەردە ترسناکە بڕوێتەوە...هتد.)

شایانی باسە لە شیعرەکەی پیری قەرەچێواردا واتای چەند وشەیەك روون نیە کە دەشێ بە هەڵە نووسرابێتەوە. ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو بارو دۆخە نا لەبارەی لە ناوچەکە (قاردر کەرەم) بەهۆی شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال و سووتاندنی دێهاتەکانەوە هاتە ئاراوە و بووە هۆی لەناو چوون و تێکچوونی چەندین دەستنووس و بەیاز و کەشکۆڵ و کتێب و بەڵگنامەو...هتد.

*حاجی شێخ (عبدالرحمن)ی نەقشبەندی موجەدیدی (ئەبولوەفا یان وەفا) (1836_1860ز) یەکێکە لە شێخەکانی تەوێڵە، وەك سەید تاهیری هاشمی دەڵێت: وڵامی یەکەمین شیعری دیوانی حافزی داوەتەوە، ئەگەر چی لەو شیعرەدا بە پلە و پایەی خواجە نەگەیشتووە. بەڵام لێی وەرگیراوە. چونکە بەرلەخۆی شێخی ناوداری نەقشبەندی واتە مەولانا عبد الرحمن جامی بەو هەموو توانایەی خۆیەوە لە بواری شیعر و ئەدەبدا، لە سێ پێشبڕکێ شیعری لەگەڵ حافزدا دۆڕاوە. (وەك پێشتر تیشکمان خستە سەر) سروشی لەم شیعرە وەرگرتووە و غەزەلێکی لەسەر هەمان بەحر هۆنیوەتەوە. ئەمەش دێڕی یەکەمی شیعرەکەی وەفایە کە بە زامانی فارسییە:

از ان شد جعد گیسویت کمند گردن دلها

بر اســـــانید تا دلها ز بیم بعد منزلها

لە کۆتایشدا دەڵێت:

وفا عین صفای می شده است و باز گوید

الا یا ایها الســـــاقی ادر کأسا و ناولها

وەفا وەکو حاجی لە دێڕێکدا لەتێکی حافزی تێهەڵکێش کردووە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، دێڕەکەی یەزیدی لە کۆتاییەوە هێناوەتەوە. بە کورتی وەفا لە شیعردا لاسایی رێچکەی حافز و هیلالی و فەغانی و...هتد کردووەتەوە.

* هەژار موکریانی (1921_1991ز)، لە دوای هەمووانەوە سەبارەت بەم غەزەلە کە بایەخێکی رۆڵێکی بەرزی گێڕاوە، لە داهێنانی شیعری ئەوینی و عیرفانیدا، هەوێنی تەنزە شیعرێکی لێ وەرگرتووە و لەرێگای ئەو شیعرەوە کە بە درێژایی چەندین ساڵە مشتومڕی

جیاوازی هەڵگرتووە، زەردەخەن دەخاتە سەر لێوان و وەك ئەوەی بیەوێ بڵێت، گەلۆ ئەوەندە هەڵناگرێ و کۆتایی پێ بهێنن. یەکەم دێڕی تەنزە شیعرەکەی هەژار بەمجۆرە دەست پێدەکات:

له نسکێنه و له ساوار پڕ کرا زگها هەتا ملـــها

برنج ئەوەڵ هەرزان ببوو وەلی ئوفتاد موشکلها

لە کۆتاییشدا دەڵێت:

له سەر یاپراخ زگیشت هەڵدڕن سنگ بێنه پێش حافز

متی ما تلق من تهوی دع الـــــــدنیا و اهـــــــملها

سەرچاوەکان:

1.دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر(موکریانی)، عەزیز موحەمەدپور (دانشبەندی)، لەگەڵ پێداچوونەوەی: مامۆستا (هەژار) دا، چاپی یەکەم 1378کۆچی.

2.دیوانی عارفی ڕەبانی شێخ ئەحمەدی جزیری، مەشهور بە مەلای جزیری، هەژار شەرحی لێ کردووە، چاپی یەکەم 1361کۆچی.

3.مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، نووسینی سەید تاهیر هاشمی، وەرگێڕانی دلێر میرزا، چاپی یەکەم 2004_سلێمانی.

4.دیوانی بێسارانی، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی صدیق صفی زادە، چاپی یەکەم 1381کۆچی، چاپخانه:ڕۆستەمخان، بڵاوکار: انتشارات کردستان.

5.دیوانی حاجی قادر کۆیی، لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میپران، کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی: مامۆستا مەسعود محەمەد، بڵاوکردنەوەی سنه، شاره کتێبی میدیا، سنه_2707 کوردی.

6.گۆڤاری هاواری کەرکووك ژمارە_3_، قادرکەرەم_تێڕوانینێکی هەمەلایەنە، شاهۆ ئیسماعیل بەرزنجی، مستەفا زەنگنە.

7.مەحرەمی راز، شەرحی غەزەلیاتی حافز، ئەکرەم عەنەبی، هەولێر 2007، دەزگار توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، ل_5.

8.شەونم، وەرگێڕاوی سەد غەزەل لە دیوانی حافزی شیرازی، وەرگێڕ: عەبباسی حەقیقی، انتشارات کردستان، سنه_1387کۆچی.

9.سۆفیگەری ، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوانی

10.عرفان حافز، استاد شهید مرتزی مگهری، چاپ بیست و حفتم، خرداد 1388_جمادی الپانی 1430.

11.دیوان خواجه شمس الدین محمد حافز شیرازی، تصحیح و مقدمه، محمد بهشتی، ناشر: انتشارات سعدی.

12.سرود بادیه، در احوال و اپار شعرای کرد و لك و لر، استدا ملا محی الدین صالحی.

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

لە بارەی

ستاندالّ

و ڕۆمانی

«سوور و ڕەش»ەوە

پیاوێك بهێننه پێش چاوی خۆتان قەڵەو و ناقۆڵا، بە سەرێکی گەورە، قاچی کورت و لووتی ئەستوور، تاقە شتێك کە نیەتی ڕاکێشەری ڕواڵەتیەتی! ئەم پیاوە لە ساڵی 1783 لە شاری گرنۆبڵ، لە شارەکانی باشووری خۆرهەڵاتی فەڕەنسا، لە دایکبوو. ناوی ڕاستەقینەی «ئانری بیل» بوو. باوکی پارێزەری داوابوو و دایکی منداڵی پزیشکی ناسراوی شار. دایکی، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لە دەستدا، کە زۆری خۆشدەویست(پێدەچێ بەم هۆکارە بێ کە ژۆلین سورل، پاڵەوانی «سوور و ڕەش»یش دایکی نییە). تەمەنی شازدە ساڵ بوو کە بۆ خوێندن لە کۆلێژی ماتماتیك بەرەو پاریس ڕۆیشت و (لە دەورانێکی ژیانیدا کە سێ دەیە لە خۆ دەگرێ، ئارەزوومەندی کۆمیدی نووسی، کارمەندی دەوڵەت، ئاجودانی سوپای ناپلیۆن لە ئیتالیا، هاوردەکەری ناکامی تەڕە و سەوزە، کارمەندی سەرپشتەداری، ئەفسەری پێداویستی لە ڕەوتی هێرشی ناپلیۆن بۆ مۆسکۆ، کورتکەرەوەی ئەدەبی، ڕەخنەگری موزیك و هونەر، عاشقی حەپەساو، دیپلۆماتی کۆنسوڵگەری، ئەرزوحاڵنووس، سەفەرنامەنووس، شیکەرەوەی دیرۆك، ڕۆژنامەنووسی سیاسی، ڕەخنەگری کتێبەکانی خۆی و ئەوانیتر و ڕۆماننووسێکی زۆر بە توانا و زۆر وردبین بوو). دەڵێن لە درێژەی ژیانە کورتەکەیدا کەڵکی زیاتر لە دووسەد ناوی خوازراو وەرگرتووە، بەڵام ناسراوترینی ئەم ناوانە، واتا ستاندالی لە تەمەنی سیوچوار ساڵیدا لە خۆی نا. قووڵبوونەوە لە ژیان و ئەزموونە تایبەتییەکانی ستاندال، دەستمایەیەکی زۆرێك لە دیمەنەکان و ڕووداوی کارەکانی، بە تایبەت «سوور و ڕەش» ڕوون دەکاتەوە. بۆ نموونە، لەبەرئەوەی ستاندال ناشیرین بوو و سەرکەوتنێکی لە ڕاکێشانی سەرنجی ژنانەدا نەبوو، هەموو ئەوەی لە خەیاڵی خۆیدا ئارەزووی کردووە بەخشیتی بە «ژۆلین سورل»! لەوانە جوانی بێکێماسی و ڕاکێشەری زۆر. لەگەڵ ئەوەی وەسفی هەوەڵێن ئامادەیی ژۆلین لە پاریس و هاتووچۆکردنی بۆ کۆڕی ئەشرافەکان، ڕێك ڕووداوگەلێکە کە خودی ستاندال ئەزموونی کردبوو. ستاندال لانیکەم شازدە کتێبی بڵاوکراوەی هەیە کە هەندێکیان لە ناسراوترینیان ئەمانەن: «مێژووی شێوەکاری لە ئیتالیا، ڕۆم، ناپۆل و فلۆرانس، لە بارەی عەشق، کاتیدراڵی پارم، ژیانی ئانری بڕۆلار، یادوەرییەکانی گەشتیارێك، ئارمانس، ڕاستین و شکسپیر» و دوو ڕۆمانی ناتەواو «لۆسین لۆن» و «لامیل». ستاندال لە مانگی ئازاری ساڵی 1842 لە ئەنجامی سەکتە مرد.

ستاندال، ناوبانگی پاش مردن

ڕەنگە سەرنجڕاکێش و تەنانەت سەیر بێ کە بزانین چاپی یەکەمی ڕۆمانی «سوور و ڕەش» تیراژەکەی 750 دانە بوو! یا ئەمەی کە کتێبی «لە بارەی عەشق»ەوەی ستاندال لە ساڵی 1922 بڵاوبۆوە لە ماوەی یازدە ساڵدا تەنها حەوت دانەی فرۆشرا! لە ڕاستیدا، ستاندال نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو نووسەرانەیە کە پاش مردنیان گەیشتنە ناوبانگ. بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی «سوور و ڕەش» کە ئەمڕۆکە بە فراوانترین کاری ئەدەبی فەڕەنسا و جیهان هەژمار دەکرێ، لەو سەردەمەدا - ساڵی 1830- بارودۆخێکی ئەوتۆی نەبوو. وێڕای ئەمەیش، ستاندال باوەڕی بە بلیمەتی خۆی هەبوو و لە بەرامبەر ڕەخنەگرانێکدا کە هێرشیان کردە سەر ئەو و ڕۆمانەکەیشی، بەمشێوەیە چووە سەنگەرەوە: «لە ساڵی 1880دا لە قسەکانی من تێدەگەن». سۆمەرست مۆم لە کتێبی «لە

دۆستۆیڤسکی



بارەی ڕۆمان و کورتە چیرۆك«ەوە، کە لەوێدا شەنوکەوی دە ڕۆمانی زۆر باشی دنیای کردووە، لەوانە «سوور و ڕەش»، دەنووسێ کاتێك ستاندال مرد، تەنها دوو ڕۆژنامەی پاریس زەحمەتیان دایە خۆیان و ئەم هەواڵەیان بڵاوکردەوە! ئەویش هۆکاری ناوبانگی پاش مردنی ستاندال بە دوو ڕووداو دەزانێ. یەکەم ئەمەی کە پاش مردنی ستاندال دوو هاوڕێی دێرینی ئەو دامەزراوەیەکی چاپەمەنی ناسراویان ڕازی کرد کارەکانی ئەو چاپ و بڵاو بکاتەوە. کارێك کە هەرچەندە یارمەتییەکی ئەوتۆی بە پێشوازی گشتی لە ستاندال نەکرد، بەڵام بە سەرنجدان لەمەی کە «سانت بوو» - ڕەخنەگری ناوداری فەڕەنساییش- ڕەخنەی لەسەر کارەکانی نووسی، ئەویش کەمێك لە گومناوی دەرهێنا. هۆکارەکەی دیکە و لەویش گرنگتر، تاریف و پەسنی ئوستازێکی قسەناس «کۆلژ نۆرمال» لەو بوو. ئەم ئوستازە لە وانەکانیدا بە شەیداییەوە باسی ستاندالی کرد و هەندێك لە فێرخوازەکانی ئەو وەسوەسە بوون کە بچنە دووی خوێندنەوەی کارەکانی ستاندال. دواتر ئەم فێرخوازانە بوونە سیمای بە نێوبانگ و ناسراو و بە یادداشتگەلی ستایشئامێز کە لە بارەی ستاندالەوە نووسییان، باوبانگی ئەویان گشتی کرد. ڕەنگە «پۆل لیدسکی» و «کریستین کۆلن» ڕاستبکەن کە ستاندال (بۆ خەڵکی سەردەمی خۆی زیاد لە ڕادە بنجبڕ و بێئابڕوو لە قەڵەم دەدرا!)

دەستمایەی سوور و ڕەش

بە ڕواڵەت پلۆتی ڕۆمانی «سوور و ڕەش» سروشی لە ڕووداێکی ڕاستەقینە وەرگرتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ڕۆمانە بە جیلوەیەکی عەیار بیستوچوار لە بلیمەتی و دەسەڵاتی خولقێنەری ئەدەبی هەژمار دەکرێ. گومانی تێدا نییە ستاندال سەرگوزشتەی گەنجێکی بە ناوی«ئانتوان بیرتە« کردۆتە هەوێنی خولقاندنی ژۆلین سورل و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی خۆی، بەڵام بەهیچ کلۆجێك پابەندی تەواوی بەم ڕووداوەوە نەبووە. «ئانتوان بیرتە« لە ماڵباتێکی نەداری فەرهنسایی چاوی بە جیهان هەڵهێنا و بە هۆکاری زیرەکییە باڵاکەی بووە جێی سەرنجی ژمارەیەك لە

گەورەکانی شارەکە، برانگ، لەوانە قەشەی شار و ئەوان هەوڵیان دا ڕێگە بۆ پێشکەوتنی ئەو واڵا بکەن. بەم هۆکارەیش ئەویان ناچار کرد وانەی ئایینی بخوێنی و پاش ماوەیەك بە یارمەتی قەشەی شار، ئەو توانی سەرپەرشتیاری یەکێك لە منداڵەکانی کەسێك بە ناوی «مۆسیۆ میشۆ» بگرێتە ئەستۆ. ئانتوان نیەتپاکی دایکانەی هاوسەرەکەی میشۆی بە هەڵە وەرگرت و پاش ڕسواییەکی کە دروستی کرد، لە مااڵ دەریان کرد. لەوەودوا بە هۆکاری ناوبانگ خراپی نەیتوانی پۆشاکی قەشەیی بپۆشێ و پیشەیەکی نان و ئاودار بۆ خۆی پەیدا بکا. ئەم گەنجە بیستوپێنج ساڵەیە کە خانم میشۆی بە هۆکاری هەموو بەدبەختییەکانی دەزانی، بە مەبەستی تۆڵە، ڕۆژێك لە کەنیسە گوللەیەك بەوەوە و یەکیتریش بە خۆیەوە دەنێ. برینەکان سەخت نین و هیچیان نامرن، بەاڵم دادگا حوکمی مردن بۆ ئانتوان بیرتە لە بەرچاو دەگرێ. ستاندااڵ ئەم ڕووداوەی لە بڵاوکراوەی «ڕووداوەکانی دادگا» کە ڕاپۆڕی دانیشتنەکانی دادگای بڵاودەکردەوە و ستاندااڵ زۆر حەزی لێبوو، خوێندبۆوە. ستاندااڵ شانازی دەکا کە هەرچییەکی نووسیوە «بەڕاستی ڕوویداوە« بەاڵم ئەم قسەیە الف لێدانێك زیاتر نییە! «سوور و ڕەش« لکاولکە لە دیمەن و کارەکتەری خاڵس کە ئاخێزگەیەکیان جگە لە زەینی کراوە و داهێنەرانەی ستاندااڵ. سەرباری ئەمەیش، لایەنی سیاسی-کۆمەاڵیەتی ڕۆمانەکە، بەتایبەت، ڕاڤەی دەروونناسی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە لووتکەی هونەری ستاندااڵ دەنوێنێ و پرسگەرێکن کە لە گێڕانەوەدا هیچ ڕووداوێکی بەاڵگەدار شەنوکەویان ناکا. لە خۆڕا نییە مەزنێکی وەك «نیچە« لە دۆزینەوەی ستاندااڵ وەك یەکێك لە «بەدبەختییەکان»ی ژیانی ناوی بردووە و «ئەندرێ ژید» ئەوی، هەر چەندە زیادەڕۆیانە، بە «داهێنەری ڕۆمانی دەروونناسانە« ناوناوە.

جێگەی سیاسی – دیرۆکی ڕۆمانی «سوور و ڕەش»

ستاندااڵ لە ڕۆمانی «سوور و ڕەش» دا دەنووسێ: «سیاسەت بەردێکە لە ملی ئەدەبیات. لە کەمتر لە شەش مانگدا نووقمی دەکا. سیاسەت لە گیروگازی خەیاڵی تەقاندنی دەمانچەیەکدایە لە گەرماوگەرمی



کۆنسێرتێکدا. دەنگێکە چەخماخە ئاسا، بەڵام بێ پایەداری»، وەلێ ئەوەی بەشێوەی دیاریکراو لە ڕۆمنی ئەودا هەنتەشی هەیە سیاسەتە و گێڕانەوەی ڕەزاڵەتەکان و بەرەڵاییەکانی سیاسەتمەداران و فەرمانڕەوایانی ئەو ڕۆژگارەی فەڕەنسا، لە پاشاوە بیگرە تا قەشەکان و ئەشراف، واتا هێزگەلێک کە لە ساڵی 1815 دەسەڵات و سامان لە پاوانی خۆیاندا بوو. ڕەنگە هۆکاری نووسینی ئەم ڕستەیە ترسی ستاندا بووبێ لە فەرمانڕەوایان. ئەو خۆی لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیەکی «کۆنت سالوانیڤلی» بە مێژووی 1832 دەنووسێ: «ئەو سیما ناحەزانەی وەسفم کردبوون، لەو کاتەدا دەسەڵاتی ڕەها بوون و دەیانتوانی ڕامکێشنە بەر مێزی دادگا و وەک ئەوانیتر ڕەوانەی زیندانم بکەن». گومانی تێدا نییە کە هیچ مێژوونووسێک نەیدەتوانی بە باشی ستانداڵ لە «سوور و ڕەش»دا ساڵانی پڕ ئاشووبی پاش شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا و دەورانی ناپلیۆن و کێشمەکێشمە سیاسی و مێژوویەکانی ئەو سەردەمە و هەروابێتەوە ژیانی تازەپیاکەوتوان و ئەشراف و نەداران، سەرباری شاریتانییەکانی و پاریسییەکان، لە ساڵانی سەرەتای سەدەی نۆزدەی زایین وەسف بکات. «سوور و ڕەش» مێژوویەکی زیندووە. بێ نێوەندگیر. بێ دەمامک. ڕووت و ئاشکرا.

سوور و ڕەش؛ ناوێک و چەند مانایەک

لە بارەی لایەنی ناونانی «سوور و ڕەش» قسە زۆر کراوە، بەڵام شتێک دیار و ئاشکرایە. ڕوونترین ئاماژەی ئەم ناوە بۆ دوو دەسەڵاتی ئەو سەردەمە، واتا قەشەکان و سوپاییەکانە. ژۆلین سورلی دەسەڵاتخواز ڕێگەی بەرەو پێشەوە چوونی خێرای خۆی تەنها لە پۆشینی ئۆنیفۆرمی سوپایی یا لباد و جبەی قەشەکاندا دەبینێ. لە سەردەمی ڕوودانی چیرۆکەکەدا، ڕەنگی سوور، ڕەنگی زاڵی ئۆنیفۆرمی سوپاییەکان بوو و ڕەنگی ڕەش پۆشاکی قەشەکان. سوور و ڕەش ئاماژەیەکە بۆ گومان و دووڵی ژۆلین لە هەڵبژاردنی یەکێک لەم دووە کارە. هەڵبەتە لە درێژەی ڕۆمانەکەدا دەبینین ژۆلین سورل تێدەگا ئەو سەردەمەی کە دێهاتییەک دەیتوانی بە هۆی لێوەشاوەیی و ئازایەیت سوپایی بە شەوێک ڕێگەیەکی سەد ساڵە ببڕێ، واتا دەورانی ئیمپراتۆری ناپلیۆن، کۆتایی هاتووە و باشترە بە ڕیاکاری پۆشاکی قەشەکان بپۆشی و بەمشێوەیە پلەکانی پێشڤەچوون ببڕێ. ڕاڤەگەلی دیکەیش لە ناوی «سوور و ڕەش» کراوە. لەوانە ئاماژەیەک بە ڕەنگە عەرەبانەی قومارخانە - وەک سیمبولێک لەو قوماڕەی کە ژۆلین لەسەر ژیانی خۆ یەدەیکا، - ئاماژە بە سیمبولەکانی پارتە سیاسییەکانی ئەو کاتە و هەروابێتەوە سیمبولی هاوژیانی تۆندی هەستەکان و دڵڕەقی و سەختییان لە ڕەفتاری ژۆلین زانیوە.

ناپلیۆن، ستانداڵ، ژۆلین سورل

ستانداڵ ناپلیۆنی دەپەرست. ئەو ئەم خەسڵەتەی خۆی ڕێک لە ژۆلین سورلدا بە بارمتە داناوە و ئیمپراتۆری گەورەی کردۆتە مۆدێل و ئستووڕەی قارەمانی ڕۆمانەکەی. ناپلیۆن لە تێگەیشتنی «سوور و ڕەش» و ڕەفتارەکانی ژۆلیندا «کلیلێکە». ئامادەییەکی ڕاستەوخۆی ئەوتۆی لە ڕۆمانەکەدا نییە، بەڵام وەک بڵێی بەردەوام ڕۆحی ئەو دەبینین کە چۆتە کەوڵی ژۆلین سورلەوە و دەیەوێ ئەم گەنجە شارستانییە، کە ڕێک وەک خۆی «پەروەردەیەکی

دروست، خەیاڵێکی بەهێز و تەنگدەستی زۆر»ی هەیە، هەستێتەوە بۆ ڕزگارکردنی دووبارە فەرەنسای وێران. فەرهنسایەك کە قەشەکان و ئەشرافی بێشەرەف وەك دالّەکەرخۆرەگەلێك لاشەکەیان کردووە بە خوانی خەڵات. تاقە جیاوازی ئەمەیە کە ژۆلین، پێدەچێ لە ناپلیۆن بووبن، تەنها دەسەڵاتی بێسنوور و تایبەت کە غرورەکەی تێر دەکا و سامانی بێپایانی بەرهەمی ئەوەی خۆشەوێ. ئامادەیی ناپلیۆن لە ڕۆمانی «سوور و ڕەش»دا، ئێستا شاخە سەهۆڵینە ناسراوەکەی «ئەرنێست هەمینگوای»ە. بەشی زۆری لە ژێر ئاودایە و تەنها بەشێکی بچووك لەو، ڕاستەوخۆ دەبینین.

ستاندالّ، واوەتر لە ڕۆمانتیزم

سەردەمی ستاندالّ، سەردەمی غارغارێن و ڕمبازێن و لووتکەی ڕۆمانتیکەکان بوو. «گەڕانەوە بۆ سروشت» و «سەرتری هەست بەسەر ئاوەزەوە« بە دوو بنەڕەتی گرنگی ڕۆمانتیزم هەژمار دەکرا، بەڵام ستاندالّ لە کارەکەیدا ئەم بنەما ئەدەبیەی پێشێل کرد و وەك نووسەرێکی پێشڕەو ڕێگەیەکی یەکسەری جیاوازی گرتە بەر. هەرچەندە

دەیەیەك بەر لە بڵاوبوونەوەی «سوور و ڕەش» بوو کە «شانفلوری» بۆ یەکەمین جار ناوێکی لە «ڕیالیزم» هێنایە ئاراوە و سەرەتای ئەم قوتابخانەی مۆدێرنەی مۆرکرد، بەڵام دەتوانی ستاندالّ بە نووسەرێکی ڕیالیزمی چاخی ڕۆمانتیکەکان بزانی. لە سەرانسەری ڕۆمانی «سوور و ڕەش»دا هیچ دیمەنێك نییە ستاندالّ لەوێدا بەشێوەی ڕۆمانتیکەکان کەوتبێتە وەسفی سروشت و جوانییەکانی، سەرباری ئەوەی گوند ئاخێزگەی زۆرێك لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەیە. ستاندالّ تەنها بە ڕادەیەك وەسفی سروشت دەکا کە بۆ ڕۆنانی کەسێتی و چیرۆکەکەی پێویستی پێیەتی و بە هیچ کلۆجێك ناکەوێتە داوی ستایشی ئەوەوە. هەروابێتەوە ئەو تەواو لە سانتامانتالیسم و هەیەجان و هەستەکان بێبەرییە. تەنانەت ژۆلین سورلیش کەسێکتییەکی دژە ڕۆمانتیکە، چ ئەو هەمیشە ئاوەز پێش هەستەکان دەخا و لە خاڵی بەرامبەر کەسێتییەکی وەك «قۆرتەر» لە «ئازارەکانی قۆرتەری لاو»ی «گۆتە«دا - لە دیارترین کارەکانی قوتابخانەی ڕۆمانتیزم -وەستاوە. شەنوکەوی

ستانداڵ لە کۆمەڵگەی ڕۆژ و ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەویش، جەختکردنەوەیەکی دیکەیە بەسەر ڕیالیست بوونی ستانداڵ یا لانیکەم جیاوازی زۆری ئەو لەگەڵ ڕۆمانتیکەکان. ستانداڵ لە پێشڕەوانی ڕیالیزمە.

ڕاسکۆڵینکۆف و ژۆلین سورل

وێکچوویی نزیك و ناموّی نێوان ڕادیۆن ڕۆمانۆڤیچ ڕاسکۆڵینکۆف و ژۆلین سورل هەیە کە دەتوانێ بەستێنێك بێ بۆ پشکنینی پراکتیکی «تاوان و سزا»ی دۆستۆیڤسکی و «سوور و ڕەش»ی ستانداڵ، وەك دوو شاکاری بێ جێگرەوەی ئەدەبیاتی جیهان. ڕاسکۆڵینکۆف و ژۆلین هەر دووکیان گەنجانێکن ئامانجخواز. هەر دووکیان زیرەك و بە هۆش و بێگانەن. هەر دووکیان مەبەستیان چاککردنی کۆمەڵگەیە. ناپلیۆن مۆدێلی هەر دووکیانە و هەر دووکیان ئامانج بە پاکانەی هۆکار دەژمێرن. هەر دووکیان لە تەمەنی بیستوسێ ساڵیدا تاوانی کوشتن ئەنجام دەدەن، هەرچەندە بە هۆکارگەلێکی تەواو جیاواز لە یەکتری. هەر دووکیان عاشقن. عەشقی سۆنیا ڕاسکۆڵینکۆف قوتار دەکا، بەڵام عەشقی مادام دورنال ژۆلین ڕەوانەی ژێر گیوتین دەکا. دۆستۆیڤسکی ڕۆمانەکەی لەسەر زەمینەیەك لە بۆگەنی و پۆخڵی چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگەی پترزبۆرگ گێڕاوەتەوە و ستانداڵ کەشی ئەشرافی و تەلارە ڕازاوە و پڕ شکۆکانی فەڕەنسا و پاریسی کردۆتە ژینگەی ڕووداوانی ڕۆمانەکەی. وێڕای ئەمەیش، هەر دوو نووسەر هەوراز و نشێوی ژیانی گەنجێکی بەرزەفڕ و سەرئەنجام شومیان کردۆتە هەوێنی نووسینەکەی خۆیان و بەڕێکەوت زۆریش سەرکەوتوو بوون. دۆستۆیڤسکی زمانی فەڕەنسی دەزانی و لەوانە ڕۆمانی «ئۆژینی گراندە»ی ڕوسی. بە ئاگاداربوون بەلزاکی وەرگێڕاوە بۆ لەمەی کە «سوور و ڕەش»

بەر لە سێ دەیە بەر لە «تاوان و سزا» بڵاوبۆتەوە، دەتوانی دەرکی بکەی کە دۆستۆیڤسکی ڕۆمانەکەی ستانداڵی خوێندۆتەوە، خودئاگا یا ناخودئاگا، کاری تێکردبێ. خاڵێك کە، لە حاڵەتی ڕاست بوونداً، بێگومان بایەخ و گرنگی ستانداڵ هەڵدەکشێنێ.

کۆتاییبەندی «سوور و ڕەش» لاوازی یا دەسەلّات؟

لـە سەرانسـەری ڕۆمانەکـەدا کەسـێتی ژۆلیـن بـە جۆرێـك وێنـەی کێـشراوە کـە بـەردەوام ئـاوەزی ئـەو بەسـەر هەسـتەکانیدا زاڵـە و لـە بنەمایشـەوە خەسـڵەتی ئـەوە کـە هۆکانـی پێشـڤەچوونی ڕۆژانـەی دابیـن دەکـرد. تەنانـەت ئەوینەکانـی ژۆلیـن سـورلیش بنەمـای سـۆزداری نییـە و تـەواو حسـاب بۆکـراو و وێکهاتـوو بـە بەرنامەیەکـە کـە بـۆ پێشـکەوتن و هەروابێتـەوە تێرکردنـی غـروری لـە سـەردا پـەروەردە دەکا. لـە کۆتایـی ڕۆمانەکـەدا ئـەو بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانـی خوێنـەرەوە کتوپـڕ لـە نامەیەکـی ڕسـواکەر کـە خانـم دۆرنـال، ماشـووقەی پێشـووی، بـۆ کۆنـت دو لامـۆل، باوکـی ماتلیـدە، کـە ژۆلیـن بەنیـازە زەماوەنـدی لەگـەڵ بـکا، دەنووسـێ، بـە جۆرێـك پەڕێشـان دەبـێ، کـە دەچێتـە لای دۆرنـال و قەسـدی گیانـی دەکا. «سۆمەرسـت مـۆم» لـە بـارەی ئـەم کۆتاییبەندییـەوە بـاوەڕی وایـە کـە ئـەم کارە گەمژانەیـە و ژۆلیـن لـەوە زیرەکـتر بـوو کـە گەمژایەتییەکـی وا بـکا. ئـەو دەنووسـێ: «ڕاسـتییەکە ئەمەیـە دەسـەلّاتی داهێنـا و خوڵقاندنـی سـتانداڵ کەمبـوو، هەربۆیـە نەیتوانـی هۆکارێـك دابهێنـێ تـا ڕۆمانەکـەی بەشـێوەیەك کۆتایـی پێبهێنـێ خوێنـەر بتوانـێ ئـەوە بـە ئەگـەر بزانـێ». لـە بەرامبـەر ئـەم بۆچوونـەدا، کـە گروپێکـی جۆراوجـۆری لـە ڕەخنەگـران، لەوانـە «ئەمیـل فاگـە»ی نـاسراو بـە جـۆری جیـاواز ئەوەیـان دەرخسـتووە، «کریسـتین کلیـن» و «پـل لیدسـکی» لـە کتێبـی «ڕاڤەیـەك بـۆ سـوور و ڕەش» نیگایەکـی نۆێیـان بـۆ ئـەم کۆتاییـە هەیـە. ئـەوان باوەیـان وایـە ژۆلیـن بـەم تاوانـە، لـە ڕاسـتیدا شـەرەف و حورمەتـی خـۆی دەپارێـزێ، چونکـە ئـەو دەزانـێ نایـەوێ بگاتـە شـوێنێك کـە خـۆی سـووك بـکات. ژۆلیـن لـە کۆتایـی ڕۆمانەکـە و پـاش دەزگیرانـداری لەگـەڵ ماتلیـدە، بـە هەمـوو ئـەوە گەیشـتووە کـە دەیویسـت: جوانتریـن کچـی پاریـس، ئەفسـەرێك لـە لەشـکری سـواردی سـوپا و هـەزاران فڕانـك دەسـتکەوتی سـاڵانە. ئـەم سـەرکەوتنانە ژۆلینـی لـە ئاخێزگـەی سـەرەتایی خـۆی هەڵبڕیـوە و ئـەوی بـە ناپاکـی لـە ئامانجەکانـی ناچـار کـردووە، تـا ئـەو شـوێنەی کـە شـاهیدین لـە کۆتایـی ڕۆمانەکـەدا سـووکایەتی بـە ناپلیـۆن دەکا. «ژۆلیـن بـە هـۆکاری تاوانەکـە پەڵـەی ناپاکـی کاتیـی خـۆی دەشـواتەوە... کوشـتنی مـادام دۆرنـال ئـەو لـە سـەرکەوتنێك کـە بـە نکۆڵـی خـۆی هەژمـار دەکـرێ، قوتـار دەکا». بـەم ڕوونکردنەوانـە ئایـا کۆتایـی «سـوور و ڕەش» نیشـانەی لاوازی سـتانداڵە یـا دەسـەلّاتی ئـەو؟ حوکمـدان بـۆ خوێنـەرە.

سەرچاوە:

http://www.mypersianforum.com/threads/1

پیتەر سێدەربێرگ

گرگن

خوێندنەوەیەك بۆشەڕەنگێزی



لە سویدییەوە

خەبات عارف

پێشەکی

‹‹من بیستوشەش ئینج درێژم، ئەندامەکانی لەشم لەگەڵ یەکتردا گونجاو و پێگەیشتوون، ڕەنگە سەرم نەختێک لە سەری ئاسایی زلتر بێت. قژم وەکو قژی خەڵکی ڕەش نییە، بەڵکو مەیلەسوورە، زبر و چڕە، لە لاجانەکانمەوە، هەروەها لەسەر ناوچەوانە پانوپۆڕەکەم؛ کە هێندەیش بەرز نییە، بەرەودواوە چووە.›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل5، کوردی، ل5)

ڕۆمانی لاگەرکڤیست سەبارەت بە گرگن بەو جۆرە دەست پێ دەکات. ئەو گرگنەخزمەتکارەی کە لە دەرباری میر لیۆن؛ میری ڕێنێسانسدا، کار دەکات و دەشێت لە لایەن زۆربەمانەوە، سەرلەبەر، وەک کەسایەتییەک سەیر بکرێت کە بەدکاری و شەڕەنگێزی تێیدا بەرجەستە بوون.گرگن ناوی ڕۆمانەکەیشە، کە بۆ یەکەمین جار، 1944، چاپ و بڵاو بووەوە و لەوساوەیش بەردەوام چاپ و بڵاودەکرێتەوە. گرگن لە شێوەی یادداشتدا نووسراوە، وەک ئەوەی یادداشتی تایبەت بن و ماوەیەک لە ژیانی کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکەمان بۆ بگێڕێنەوە، هەر لەبەر ئەوەیش سەرلەبەری ڕووداوەکان لە ڕوانگەی گرگن خۆیەوە دەگێڕدرێنەوە. لە هیچ جێیەکی ڕۆمانەکەدا ناوی ڕاستینەی ئەو ناهێنرێت و لەم بابەتەیشدا، کورت و پوخت، هەروەک گرگن ناوی دەهێنرێت، ئەمەیش بۆ جیاکردنەوەیە لە ڕۆمانەکە خۆی، کە بەم جۆرە ‹‹گرگن››، دەنووسرێتەوە. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ باسکردنی گرگن لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژیاییەوە و شیکردنەوەی ڕۆمانەکە خۆی؛ لە ڕووی چۆنێتییەکانیەوە، یا لە ڕووی توانستی نووسینی لاگەرکڤیستەوە، نییە. لێرەدا ڕووناکایی دەخرێتە سەر ڕەفتار، هەست و کاروکردەکانی کەسایەتی سەرەکی و کەسایەتیی گرگن، بەتایبەت لە بەر ڕووناکایی چەند تیۆرییەکی جیاواز سەبارەت بە کەسایەتی و سۆسیال-سایکۆلۆژیاییەوە، باسی لێ دەکرێت و شی دەکرێتەوە.

1

پێشینە

‹‹کاتێکیش کە ئەو دایکوباوکە نەناسراو و نامۆیانە دەبینن بوونەوەرێکی سەر بە خێڵ و بەرەی ئێمەیان بووە، دەمانفرۆشن بە میرە دەسترۆیشتوو و داراکان، بۆ ئەوەی ببین بە قەشمەریان و بە سەروسەکوتە سەیروسەمەرەکەمان ڕابوێرن. من بۆ خۆیشم یەکێکم لەوانەی کاتێک دایکم بینی چ بوونەوەرێکی لێ بووە، فرۆشتمی و پاشان بە قێزوبێزەوە ڕووی لێ وەرگێڕام و ڕۆیشت. لەوە تێنەگەیشت کە من لە بەرەیەکی زۆر دێرین و کەونارام. لەبریی منیش چەند باسکێک قوماش و بیست سکودی وەرگرت و سەگێکی بۆ پاسکردنی مەڕەکانی پێ کڕی.››(لاگەرکڤیست، 1944، ل18، کوردی، ل18) گرگن گێڕانەوەکەی خۆی بەو بڕگەیە دەست پێ دەکات، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا. لە لاپەڕەکانی دوای ئەو بڕگەیەیشدا دەست بە نووسینەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەکات و زۆربەیان سەبارەت بەو بارودۆخەن کە ئەو وەک گرگنێک خۆی تێیاندا دەبینێتەوە، لەبارەی ئەو مرۆڤانەوەن کە لە دەوروبەری ئەودان و هەروەها سەبارەت بە هەندێک ڕووداوی مێژوویین. پاشان گێڕانەوەکە بەرەو گێڕانەوەی ئەو

ڕووداوانەدەڕۆن کە لە کاتی نووسینەوەی یادداشتەکاندا لە دەوروبەری ڕوو دەدەن.

پێشەکی بۆ باسکردنی کەسەکان

ئەو کەسانەی گرگن، لە پێشەکیدا، باسیان دەکات میر لیۆن، میرژن تیۆدۆرا، دۆن ڕیکاردۆی دۆستی میرژن و کچەمیرزادە؛ ئەنجێلیکان. کەمێک پاش ئەوە مایسترۆ بێرناردۆ؛ کە کەسێکە لە لیۆناردۆ داڤینشی دەچێت، دەگاتە شارەکەیان و هەرزوو جێیەکی دیار و بەرچاو لە دەرباردا دەگرێت. بیربۆچوونەکانی گرگن، بۆ ماوەیەک، بەم بێرناردۆیەوە خەریک دەبن و زنجیرەی ئەم بیروبۆچوونانە، لەگەڵ دەستپێکی ئەو جەنگەدا کە خەریکە بەرپا دەبێت، دەپسێت. ئەمجا گرگن، لەگەڵ بەرپابوون و بەردەوامیی جەنگەکەدا بە بۆکارۆسای سەرۆکی چەتەکان دەگات، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەری دەبێت. ئەو شێوازەی گرگن بۆ باسکردنی کەسەکان بە کاری دەهێنێت، زۆربەیان، پڕ لە سووکایەتیپێکردن و هەندێکیشیان سەرڕێژ لە ڕقوکینەن. ئەو کەسە لاوەکییانەی کە لە سەرانسەری گێڕانەوەکەدا دەردەکەون، لە ڕیز دەرناکرێن و، تاک تاکیان، بەو چاوە بەدگومان و ساردوسڕانەوە لێیان دەکۆڵڕێتەوە. ڕێزپەڕ لەوان تەنیا میرە، کە گرگن تا ئەوپەڕی ستایشکردن، ستایشی دەکات و بە شانوبالێدا هەڵدەڵێت. بەدگومانیی گرگن لە باسکردنی ئینسانەکاندا بەگشتی، لەو بڕگەیەدا کە دەستپێکی ئەم بەشەیە، ڕوون و ئاشکرا، پێشان دەدرێت. تەنانەت کە باسی دایکی خۆیشی دەکات، باسکردنەکەی هەستەکی و هەستبزوێن نییە و ئەو بەردەوام و لە سەرلەبەری گێڕانەوەکەدا خۆی لەو جۆرە هەستانە بە دوور دەگرێت.



پیێر لاگەرکڤیست

شەڕ و ئاشتی

باس و وەسفکردنی گرگن، پاشان، لەوێوە بەرەو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕەوشانە دەڕوات کە لەگەڵ جەنگی بەرپابووا هاتوونەتە ئاراوە و مگێز و هەستونەستی خۆش و ناخۆشی ئەو، بەئاشکرا، لەگەڵ بەختیاریی ئەو بەوەی کە جەنگ هەڵگیرساوە دەگۆڕدرێن. کە جەنگ، لەسەرەتادا، لەگەڵ خواستەکانی ئەودا دێتەوە، دڵی تەواو خۆش و شاگەشکەیە. کە شەڕوشۆڕیش بەرەو کەمبوونەوە وئارامبوونەوەدەڕوات، دڵی ئەو تەنگ و پەست دەبێت، لەوەیش خراپتر کاتێک پەیمانی ئاشتی

لەنێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا دەبەسترێت، تەواو تووڕە دەبێت. لە بەختی بێپایانی ئەو، میر فریودەر و هەڵخەڵەتێنە و لە سەروبەندی ئاهەنگی ئاشتیدا نزیکەی هەموو کەسە باڵادەستەکانی میرنیشینی بەرانبەر ژەهرخواردوو دەکرێن. ئەم فێڵی جەنگ و خیانەتکارییە، بەتەواوی، دڵی گرگن خۆش دەکات بەڵام، دڵخۆشییەکەی درێژخایەن نابێت. کە شارەکەیان پاشان، گەمارۆ و ئابڵووقە دەدرێت، دیسان باس و وەسفەکان، تاریک و قورس دەبن. گرگن گێڕانەوەکانی خۆی لە کونجەکانی زیندانداکە ئەنجام لەبەر بەدکارییەکانی خۆی تێیاندا زیندانی کراوە، تەواو دەکات. لە دنیای بێرووداوی زیندانەکەیدا، تا دێت، سەرنجەکانی کەم و کەمتر دەبنەوە و وزەی کزتر و ئارەزووی نووسینیشی کەمتر دەبێت.بەڵام دەڵێت هیوایشی لە دەست نەداوە کە دیسان، لە بەرەوە،لە دەرباری میردا دەست بە کارکردن بکاتەوە.

2

دنیابینی

‹‹ژیان! بۆ دەبێت ژیان هەبێت و کەڵکی چی دەگرێت؟ چ مانایەکی هەیە؟ بۆ دەبێت بەردەوام بێت، کە نە هیچ ئومێدێکی تێدایە و نە هیچ دڵدانەوەیەک؟ سەری مەشخەڵەکەی بەرەو زەویی تاریکونووتەک شۆڕ دەکەمەوە و ئاگرەکەی خامۆش دەکەم، ئیتر شەو دادێت.›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل216، کوردی، ل258) دنیابینیی گرگن، لە زۆر ڕووەوە، تاریک و لێڵە، بەڵام پڕ لە هەڵسەنگاندنی بەهێزی دیاردە جۆراوجۆرەکانیشە. تێڕوانینی گرگن لە ئینسان نموونەیەکە کە بەئاشکرا سەرنجدانی لەڕیزدەرچووی ئەو پێشان دەدات، هەر ئەمەیش بووە بەهۆی ئەوەی کە، لە نزیکەی سەرلەبەری مێژووی ئەدەبیدا، وەک نیشانەیەکی بەدکاریسەیری بکرێت.

بێکەڵکیی ژیان

لەو بڕگەیەی سەرەوەدا تێڕوانینی گرگن بۆ ژیان دەردەکەوێت – هەوڵدانێکی بێکەڵکی بێمانا. کە ئەو هیچ مانایەک لە ژیاندا نابینێت، لە زۆر شوێنی گێڕانەوەکەیدا دیارە و لە هەندێک شوێنی دیکەیشدا وەک گێل و گەوج گاڵتە بە ئینسان دەکات، چونکە تێناگەن لەوەیسەرلەبەری هەوڵەکانیان چ مانا و نێوەرۆکێکیان هەن. تێڕوانینی گرگن، هەروەها، ڕووخێنەرانەیە. ئەو تاڕادەیەک هیچ گرنگییەک بە مردنی ئەوانی تر نادات و دەست لەوەیش ناگرێتەوە ئینسانەکانی تر، وەک کەرەستەیەک، بۆ گەیشتن بە نیاز و مەرامەکانی خۆی بە کار بهێنێت. لەپێناوی ئەوەدا کە بە مەبەستەکانی خۆی بگات، هیچ بە تەنگ مردن و دەرد و ئازاری ئەوانی تریەوە نییە. بۆ نموونە بۆ خۆی و بە دەستی خۆی دواییەن گرگنی زیندووی دەربار دەکوژێت، تا هەر بە تەنیا خۆی بمێنێتەوە. ئاشکرایە کە گرگن یا هەر هیچ، یا زۆر کەم، توانستی بەزەیی و دلۆڤانی لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە. دواتر و لە بڕگەیەکی تردا دەگەڕێینەوە سەر ئەمیان.

قێزەونیی مرۆڤ

گرگن سەرڕێژە لە بێڕێزی، قێزەونی و ڕق بەرانبەر بەوەی کە ئێمە لە زمانی ڕۆژانەماندا ناومان لێناوە ئینسانی. لاوازی و هەست و ئەوین – هەر هەموویان نموونەن بۆ ئەوەی کە ئەویان پڕ کردووە



لـه قێزوبێـز و سـووکایەتییان پـێ دەکات. گرگـن، هەروەهـا قێـزی لەوانـی تـر دەبێتـەوە، کاتێـک دەخـۆن. نموونەیەکـی ئاشـکرای ئەمـە، دەتوانێـت ئـەم برگەیـە بێـت: ‹› میوانـەکان چڵیسـانە دەسـتیان بـە خـواردن کـرد و منیـش هەسـتم بـەو ناخۆشـییە، ئـەو قێزوبێـزە نادیـارە کـرد کـە هەمیشـە هەسـتی پـێ دەکـەم کاتێـک خەڵـک دەبینـم نـان دەخـۆن، بەتایبـەت ئـەو کەسـانەی وەک ئەوانـە چڵێسـن و دەسـت لـە هیـچ ناگێڕنـەوە.›› (لاگەرکڤیسـت،1944، ل142، کـوردی، ل170) دەکرێـت، بەکورتییەکـی، تێبینیـی ئـەوە بکەینکـە گرگـن بەرانبـەر هەرچییـەک کـە پەیوەنـدی بـە لـەش و پێویسـتییەکانی لەشـەوە هەبێـت، هەسـتناکە و بەئاشـکرا خـۆی لـە هەرشـتێک کـە بـە ئەوانـەوە پەیوەسـتن دوور دەگرێـت، بـۆ نموونـە خـواردن، مەیلـی جنسـی و هەروەهـا. ئـەو کڵێشـەیەی گرگـن بـۆ ئینسـانەکانی تـری داڕێشـتووە، یـا بـە واتایەکـی تـر، وێنـای ئـەو بـۆ ئینسـانی نموونەیـی، لـە نەفرەتـی ئـەودا بەرانبـەر بـە هەرشـتێک کـە پەیوەنـدی بـە لـەش و هەسـتەکانی ئینسـانەوە هەیـە، بەخەسـتی، ڕەنـگ دەداتەوە.ئینسـانە نموونەییـەکان، لـە ڕوانگـەی ئـەوەوە، گێڵـن، سـاویلکەن و گیـرۆدەی غەریزەکانـی خۆیانـن، ئەمەیـش تاڕادەیـەک هەڵسـەنگاندنە نەرێنییەکانـی ئـەو بەرانبـەر بـە ئینسـانەکانی تـر ڕوون دەکاتـەوە.

ڕوانین لە ئەوین و هەستەکانی تر

ڕوانینی گرگن بۆ خۆشەویستی، ڕوانینێکە لە دووڕەوە و ساردوسڕ-‹‹خۆشەویستی شتێکە دەمرێت. کە دەیشمرێت، دەگۆڕێت و دەگەنێت و دەبێت بە خۆراکی خۆشەویستییەکی نوێ.›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل26، کوردی، ل8) ئەو بە بینینی دیمەنی خۆشەویستیتووڕە دەبێت، حەزی لەو کەسانە نییە کە بە هەر شێوەیەک بێت ئەو جۆرە هەستانە، بۆ ئموونە؛ هەستی هاوڕێی و شادی، دەردەبڕن. ئەو بۆ خۆی هەرگیز، وەک یەکێک لە بنەماکانی بیروبۆچوونی خۆی، هەستی حەزلێنەکردن نەبێت، هیچ حەزێکی ئەرێنییخۆی دەرنابڕێت و ڕێزپەڕ لەمە بەدەگمەن نەبێت لەو ڕوو نادات. لێرەولەوێ، لێی ڕوو دەدات، کە هەستی ستایشی خۆی دەربڕێت، لە هەلێکدا ئەوەیش باس دەکات کە بە دەست نائومێدبوون لە بەرانبەر بەردەوامنەبوونی جەنگدا گریاوە. (لاگەرکڤیست، 1944،ل123) لەوە دەچێت بااڵدەستیی گرگن بۆ جڵەوکردنی هەستەکانی خۆی بەرفراوان بێت. بەدەگمەنیش نەبێت دەست لەوە ناگرێتەوە کە سووکایەتی بە هەستەکانی وەک شادی، خەمگینی، گەرموگوڕی و خۆشەویستی و تاد...بکات، کە لە کەسانی تردا هەن.

سووکایەتیکردن بە بێهێزی

کەواتە گرگن، سووکایەتیی بە هەستە ‹‹نەرمەکان››ی وەک ئەوین، ئینساندۆستی و تاد... دەکات، بەاڵم سووکایەتیپێکردنی ئەو بە خەسڵەتە ئینسانییەکان لەم جۆرانەی هەستیش تێپەڕ دەبن. ئەو، بەگشتی، سووکایەتی بە هەر شتێک دەکات، کە وەک نیشانەی بهێزی سەیر بکرێت؛ هەم لە ڕووی فیزیکی و هەم لە ڕووی سایکۆلۆژیاییشەوە. ئازار و نەخۆشی، ئەوە نین کە بتوانن لە سووکایەتیپێکردنی گرگن کەم بکەنەوە، بەپێچەوانەوە - ‹‹ ئەوەیشم بە لاوە سەیر نییە تەنانەت جرجیش بەرگەی ئەوە نەگرن شانبەشان لەگەڵ مرۆڤدا ژیان بە سەر ببەن.›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل186، کوردی، ل222)

گرگن، هەروەها، ستایش لە هێز و دەستەاڵت دەکات. ئەمەیش، بەر لە هەر شتێک، لە ڕوانینی ئەو بۆمیر لیۆن و بۆکارۆسای سەرۆکی چەتەکاندا دەبنیرێت. تا بڵێیت ڕێز لە هەردووکیان دەگرێت، بەرانبەر میر بەتەواوی لەبەر خەسڵەتە فیزیکییەکانی نییە، بەڵکو لەبەر خەسڵەتەکانی کەسایەتیی ئەوە و ستایشیشی بەپێی کەموزۆریی دەستەاڵتی ئەو بەسەر ئەوانی تردا دەگۆڕدرێت. بەڵام ستایشی بۆ بۆکارۆسا، لەبەر بەهێزیی لەشی ئەوە و بۆ ئموونە، ئاماژە بۆ ‹‹بە خۆی و دەموقەپۆزە درەکەیەوە›› دەکات. (لاگەرکڤیست، 1944، ل175، کوردی، ل210)

ئینسانی ئایدیالی

بۆکارۆسا، بە زۆر شێوە، ئینسانی ئایدیالیی گرگنە؛ بە واتایەکی دیکە، ئەو دەیەوێت ئینسانەکان وا بن. بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم کڵێشەی مرۆڤە بریتین لە بەهێزی، درێ، دووڕوویی و بێهەستی.

ئینسانی ئایدیالیی گرگن، بەگشتی، پێویست نییە لەشی پتەو و تۆکمەوتۆڵ بێت، بەاڵم دەبێت بەزەبروزەنگ و توند و شەڕانی بێت.

3

خۆبینی

‹‹ئەمەیش چارەنووسی منە کە ڕقم لە بن و بنەچەکەی خۆم ببێتەوە. من ڕقم لە خێڵ و هۆزەکەی خۆمە.

بەڵام ڕقم لە خۆیشم دەبێتەوە. من گۆشتە تاڵەکەی خۆم دەخۆم. خوێنە ژاراوییەکەی خۆم دەخۆمەوە. هەموو ڕۆژێک، وەکو سەرقەشەیەکی ڕووگرژی هۆز و خێڵەکەی خۆم، نانی لە شەرابی پیرۆز هەڵگێشراوی تەنیای خۆم دەخۆم.›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل-32 کوردی، ل36-37) ڕوانینی گرگن بۆ خۆی، پەرشوبڵاو و ئاڵۆزە. لە هەندێک جێدا خۆبەکەمهەڵسەنگاندن و ڕووخێنەرانەیە، بەڵام لە هەندێک جێی تردا تا بڵێیت ئەڕێنییە و نزیک لە خۆخۆشویستن دەبێتەوە. دژەبەرییەکی ئاشکرا لە خۆبینینی گرگندا هەیە. لە لایەک یەکێک لە قێزەونترینەکان و لە لایەکی ترەوە باڵاترین و ڕەسەنترینی نێو گشت ئینسانەکانە. خۆبینینی ئەو، بەگشتی، پڕ لە زێدەڕۆییە.

ڕقلەخۆبوونەوە

لە بڕگەی پێشەکیی ئەم نووسراوەدا، ڕقلەخۆبوونەوە و خۆبەسووکگرتنی گرگن ئاشکرا دەردەکەوێت. ئەو باسی خۆی وەک کەسێک دەکات کە سووک سەیر دەکرێت و ئەو بیرەیشی کە ئەو، ڕاستییەکەی، قامچیی دەستی خودایە بۆ لێدانی ئینسانەکان، نموونەیەکی تایبەتی ئەو جۆرە بۆچوون و تێڕوانینەی ئەوە.

گرگن هیچ گرنگییەکی بۆ پێشینانی خۆی و نەوەی دوای خۆی نییە و بەدەم هەستی پووچییەوە دەناڵێنێت و لە هەستە بەهێزەکانیش دەترسێت

پێشتر باسمان لە بێڕێزیکردنی گرگن بە بێهێزی کرد و پەیوەستی نێوان ئەمە و خۆبەسووکزانینی ئەو ئاشکرایە. ئەو جارانەیش کە بە سووکایەتییەوە لەبارەی ئینسانەکانەوە دەنووسێت، بەسووکزانینی خۆی و ڕقلەخۆبوونەوەی خۆیشی دەردەکەون. چییە ئەوەی کە یەکێک لەمان بووە بەهۆی هەبوونی ئەوی تر، ناتوانرێت بزانێت، بەڵام گونجاوتر ئەوەیە کە ڕقلەخۆبوونەوە نەخشی لەسەر دنیا و ئینسانەکان داناوە و لە ئەواندا ڕەنگی داوەتەوە، نەک بەپێچەوانەوە.

خۆخۆشویستن

گرگن، گێڕانەوەکەی خۆی، وەک دەردەکەوێت، بە باسکردنێکی ئۆبیەکتیڤانەی خۆی دەست پێ دەکات. (بڕوانە بڕگەی یەکەمین.) ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ‹‹پێکهاتەی ئەو و گشت

ئەندامەکانی لەشی بە جۆرێکی تەواو دروست لەگەڵ یەکتردا ڕێک کەوتوون.›› پاش ئەوەیش شانازیی خۆی سەبارەت بە سەروسیمای تایبەت و ناوازەی خۆی دەردەبڕێت. لە زۆر جێی گێڕانەوەکەیشدا ئەوەیش دەردەبڕێت، کە گرگنەکان سەر بە ڕەگەزێکی ترن، کە ئەوان نەجیبترن و بنوبنەچەیان بۆ بنوبنەچەیەکی نەجیبتر لە هیی ئینسانەکان دەگەڕێتەوە. پاشتریش لە گێڕانەوەکەیدا بەم وشانە باس لە خۆی دەکات: ‹‹ڕهنگە ئەمە لەبەر ئەوە بێت من لە بوونەوەرێکی ترم، بوونەوەرێکی جوانتر، ناسکتر، هەستەکیتر و (...)›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل102، کوردییەکەی ل121) ڕاستییەکەی گرگن بە ڕەوش و ڕەفتاری ئەرێنیی خۆی لەگەڵ خۆیدا و بە کەسایەتیی خۆیدا دەنازێت و، بێ لەوەیش چەردەیەک لە خەسڵەتی کەسایەتیی گرگن ئاماژە بۆ کەسایەتییەکی خۆخۆشەویست دەکات. وێکچوو لەگەڵ تیۆرییەکانی لاش(Christopher Lasch) سەبارەت بە کولتووری خۆخۆشەویست و کاراکتەری خۆشەویست، گرگن هیچ گرنگییەکی بۆ پێشینانی خۆی و نەوەی دوای خۆی نییە و بەدەم هەستی پووچییەوە دەناڵێنێت و لە هەستە بەهێزەکانیش دەترسێت. گرگن، کەواتە، چالاکانە بە دوای مانایەک لە ژیاندا ناگەڕێت. (ئەنییەلوێڤ و یۆنسۆن، 1990، ل92) لەیەکچوو لەگەڵ ئەو خەسڵەتە بنچینەییانەی کە ئاماژە بۆ لەقبوونی کەسایەتیی خۆخۆشەویست دەکەن، گرگن بەتەواوی دووڕەڕێزە لە بەزەیی و دلۆڤانی. (سمیس، 1993، ل528) نادیاریشە کە بە چ جۆرێک هەستناکە بەرانبەر ڕەخنەی ئەوانی تر، بەتایبەت چونکە زۆر دەگمەن نەبێت، کەسی خۆی دووچاری ڕەخنە نابێت و یەک بە خۆیشی ئەوە هەڵدەبژێرێت، کە خۆی لە خەڵک و لە ناڕەزایی ڕەشەخەڵک بە دوور بگرێت. ستایشی ئەو بۆ هەندێک کەسیش، زۆرکات، دوای کڵێشەیەک دەکەوێت و هەر لەوێیشدا بە دوای خەسڵەتەکانی کەسایەتیی خۆیدا لە ئەوانی تردا دەگەڕێت. بەپێی تیۆریی دەروونشیکاریی فرۆید، دەتوانرێت بوترێت گرگن جۆرە شناسێکی خۆخۆشویستی لەنێو خۆیدا بەهێز کردووە. بە واتایەکی تر، ئەو، بەر لە هەر شتێک، کەسایەتیی خۆی بە کەسانێک بەراورد دەکات کە لە خۆی دەچن. (پێرڤین، 1986، ل91) بەتایبەت میر لیۆن و بۆکارۆسای سەرۆکی چەتەکان و دواتر پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ئەم دوو کەسەدا، کە لە بڕگەیەکی دواتری ئەم نووسراوەدا، فراوانتر باسی لێوە دەکرێت.

نادڵنیایی و ڕاڕایی (سەبارەت بە کەسێك یا شتێك)

هەستەکانی گرگن لەبارەی خۆیەوە لەنێوان خۆبەسووکزانین و ڕق و وێنایەکی پڕ لە زێدەڕۆیی وەک بوونەوەرێکی جوانتر دەگۆڕدرێن. بەڵام ئەوەی کە لەم دوو دیوەی کەسایەتیی ئەودا هاوبەشە، ئەوەیە کە ئەو، یا وەک نموونەیەکی ئەرێنی یا نەرێنی، تاقانە و بێهاوتایە. گرگن، لە بەراوردکردنی خۆیدا بە ئەوانی تر، تا ئەوپەڕی شووڵی لێ هەڵدەکێشێت. ئەو، بۆ نموونە، خۆی بە عیسای مەسیح بەراورد دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەردووکیان بە پارەوپوولێکی کەم فرۆشراون. (لاگەرکڤیست، 1944، ل51) بەپێی دەستەواژەکانی ڕەواناسیی خۆناسین؛ چەمکی خۆ (self-concept) و نەخشی خۆناسین (self-schemas)، دەتوانرێت وا

دابنرێت، کە ئەو وێنایەکی بێ چەندوچۆنی هەیە سەبارەت بە خۆی؛ کە ئەو لە بەرانبەر کەسانی تردا، کەسایەتییەکی تایبەتە و جێورێیەکی تایبەتیشی هەیە. ئەو، هەمیشە، ئاماژە بۆ سنووری دوورەپەرێزیی خۆی لە ئەوانی تر دەکات، بۆ ئەوەی بەو جۆرە بتوانێت ئەو وێنای خۆبینینەی خۆی بهێڵێتەوە. خۆنرخاندنی (self-evaluation) گرگن لە هەردوو ڕووەوە بەهێزە و ئەمەیش لەو خەسڵەتانەدا دەردەکەوێت کە ئەو بۆ کەسایەتیی خۆی هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت باسی خۆی پێیان بکات.

لە لەشی خۆڕوانین

گرگن گێڕانەوەکەی خۆی بە کورتەباسکردنێکی لەش و سەروسیمای خۆی دەست پێ دەکات. لەوێدا، بە هیچ جۆرێک، نرخاندنێکی نەرێنیی لەشی ئەو دەرناخرێت و دواتریش هەروەها دەمێنێتەوە. بەڵام گرگن ناتوانێت خۆی لە هۆشیاریی خۆی نەبان بکات سەبارەت بەوەی کە توان و هێزی لەشی ئەو لە بەرانبەر هێز و توانی لەشی ئینسانەکانی تردا کەمتر و لەژێرەوەتەرە. لەوەیە ئەمە یەکێک لەو هۆکارانە بێت کە کاریگەریی لەسەر ڕوانینی نەرێنییانەی گرگن هەبێت بۆ خۆی، بەتایبەت و بەر لە هەر شتێکی تریش، کاتێک کە ئەو هەموو دیمەنە بەهێزانە بە شانوبالّی ئینسانی ئایدیالدا دادەبرێت. گرگن، لە زۆر شتدا، خۆی لە بەرانبەر لەشی خۆیدا بە نامۆ دادەنێت. ڕوانینی ئەو بۆ هێز و توانستی لەش و بەریەککەوتنی لەش و پێویستییەکانی، بەئاشکرا لە ڕوانینی ئەودا بۆ سەراپای لەشی خۆی ڕەنگ دەداتەوە. لەمەدا گرگن، تا ئەوپەڕی، نوێنەرایەتیی ئەو تێگەیشتنە توندڕۆیە دەکات کە لەش دەبێت کەرەستەیەک بێت بۆ بارلێنان و گواستنەوە،دەبێت کۆیلەی ویست و خواستی ئینسان بێت. هەروەها دوورەپەرێزیی خۆیشی دەستنیشان دەکات و نکوڵی لە هەر شتێکیشدەکات کە ببێت بە ڕێگر لەبەر ئەو ڕوانگەیەی ئەودا بۆ لەش، بۆ نموونە وەک ئەوەی کە نابێت دەرد و ئازار و هەر نەهامەتییەکی تر بن بە ڕێگر لەبەر هێز و توانستی لەشدا. کە باس لەو ئەشکەنجەیە دەکات کە دووچاری دەبێت، پێش ئەوەی لە کونجی زیندان توند بکرێت، لە یەک نیوەڕستەدا نەبێت، خۆی لە باسکردنی ئازاری لەشی نادات.

لە هەستەکانی خۆڕوانین

گرگن چەندین جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستەی کە ئەو، هەمیشە، هەمان هەستی هەیە و شادی و خۆشی لە هیچ شتێکدا نابینێتەوە. بۆ نموونە، ئەوەی کە ئەو هەرگیز پێناکەنێت و دەگمەن نەبێت هەستەکانی خۆی دەرنابڕێت. (لاگەرکڤیست، 1944، ل9) ئەو کاتانەیش کە، هەر چۆنێکبێت، هەستەکانی ئاشکرا دەبن، بۆ نموونە، کە ورگ و ڕیخۆڵە و گوو و پیسی و دیمەنی خۆشەویستیکردن و هەروەها دەبینێت، ڕقی هەڵدەستێت و قێزیان لێ دەکاتەوە، دڵی پێیان تێکەڵ دێت و هەست بە ناخۆشی دەکات. لەو کاتانەدا بە قێزوبێزەوە ڕوو وەردەگێڕێت و هەوڵ دەدات پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوەدا کە ڕقی لێی هەڵساوە بچڕێنێت. ڕوونکردنەوەی خۆیشی بۆ ئەمە، ئەوەیە کە ئەو سروشتێکی هەستناکتر و جوانتر و نەرمونیانتری لە ئینسانەکانی تر هەیە.

ڕەوش و ڕەفتار بەرانبەر ئەوانی تر

‹‹مـن ڕقـم لـە میـرژن دەبێتـەوە، دەمەوێـت بـە مردووی ببینـم، دەمەوێـت بـە لنگداچەقـاوی لەنێـو نێلەنێلـی ئاگـری دۆزەخـدا ببینـم و ببینـم کـە چـۆن کلپەکانـی بەنێـو ناوگەڵـە قێـزەون و بۆگەنەکەیـدا هەڵدەگەڕێـن و دەیلێسـنەوە. مـن ڕقـم لـە شـێوەی ژیانـی ئـەو دەبێتـەوە، کـە بووەتـە باڕێکـی گـران بەسـەر کۆڵـی منـەوە. ڕقـم لـە نامـە بەئاڵۆشـەکانی دەبێتـەوە کـە بـە منـدا بـۆ دۆسـتەکانی دەیاننێرێـت. ڕقـم لـە وشـەکانی ئـەو لـە بـارەی ئەوینـەوە، کـە لەنێـو دڵمـدا دەگڕێـن، دەبێتـەوە. بـەڵام ناپاکـی لـە بـارەی هیـچ شـتێکەوە ناکـەم. هەمیشـە ئامـادەم ژیانـی خـۆم بۆ ئـەو بەخـت بکـەم.›› (لاگەرکڤیسـت، 1944، ل12، کوردییەکـەی ل9) گرگـن، جارنـا، خواسـتێک دەردەبڕێـت کـە دەیەوێـت تۆڵـەی ئـەو ڕووداوانـەی بـە سـەر خۆیـدا هاتـوون لـە ئینسـانەکانی تـر بکاتـەوە، بـەڵام ئاشـکرا دیـار نییـە کـە ئـەو ڕووداوانـە کامانـەن. ڕەوش و ڕەفتـاری ئـەو بەرانبـەر ئینسـانەکانی تـر، ڕیزپـەڕ نەبێـت، بەگشـتی و هەمیشـە، بەسووکسـەیرکردن و نەڕێنیـن. ئـەو، زۆربـەی ئینسـانەکانی دەوروبـەری، بـەو کلێشـەیەی خـۆی کـە بـۆ ئینسـانی هەیـە دەچوێنێـت و بـە بـار بەسـەر ژیانـەوە دەیانبینێـت و بـە گەلـۆر و تەپۆلەیـان دەزانێـت. جـۆری بیرکردنـەوە و تێگەیشـتنی گرگـن لـە ئینسـانەکانی تـر، زۆربـەی کات، تونـدڕۆیـە؛ بـەزۆری نەڕێنـی و جاروبـار ئەڕێنییـە. ئـەو هەسـتەکانی خـۆی بـە وشـەی وەک؛بەسـووکی سـەیرکردن، ڕق، سـتایش و مەزنـی و تاد...دەردەبڕێـت. هەڵسـەنگاندنی ئـەو، بەگشـتی و زۆربـەی کات، یـا بـە لای ئەڕێنیـدا، یـا بـە لای نەڕێنیـدا، دەشـکێتەوە و لـە ڕوانگـەی ئـەوەوە، ئەوانـی تـر یـا ڕەش یـا سـپین. لـە بەردەوامیـی ئەم بەشـەدا بـاس لـە ڕەوش و ڕەفتـاری گرگـن، بـۆ بەشـێک لـە کەسـە سـەرەکییەکانی گێڕانەوەکـەی، دەکرێـت.

ڕێز لە میرلیۆن

یەکێـک لـەو ئینسـانانەی کـە گرگـن بـەردەوام ڕێـزی لـێ دەگرێـت میـرە، کـە زۆربـەی کات بـە وشـەی هەڵبـژاردەی ئەڕێنـی باسـی لێـوە دەکرێـت. ڕەوش و ڕەفتاری ئـەو بەرانبەر میر، جارنـا، بـە نائومێـدی یـا بـە ڕازیبـوون بەرانبـەر بـە بڕیـار و کردەوەکانـی دەنەخشـێنرێن، بـەڵام ئەمـە هەرگیـز ناگۆڕدرێـت بـە ڕق و نەفـرەت بەرانبـەر میـر. هەندێـک نموونـە بـۆ ئـەوەی کـە ڕەوش و ڕەفتـارەکان سـەبارەت بـە میـر دەگۆڕدرێـن، لەنێـو ئـەو هەڵسـەنگاندنە ئاشـکرایانەدان کـە جاروبـار دەکرێـن، بـۆ نموونـە: ‹‹ئـەو میرێکـی مەزنـە!››، ‹‹هێنـد لەبـەر چـاوم کەوتـووە، هێنـد بچـووک بووەتـەوە، کـە هیـچ میرێکـی تـر

لێکۆڵینەوە

ناتوانێت هێندەی ئەو بچووک ببێتەوە.›› (لاگەرکڤیست، 155، ل71و ل128، کوردی ل153) گرگن پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی لەگەڵ میر هەیە. ئەو پەیوەندییەیش بەو جۆرە دەردەبڕێت کە گرگنێک سێبەری میری خۆیەتی، کە هیچ میرێک لە ئاستی گرگنەکەی خۆیدا ناتوانێت مەزن بێت و تاد... میر هەروەها، هەمیشە، ڕێزی لێ دەگیرێت، بێ گوێدان بە ڕەوش و ڕەفتارەکانی گرگن بەرانبەر ئەو. هۆکارەکانی ئەم پەیوەندییە تۆکمەوتۆڵە، ڕاستییەکەی، دەتوانرێت هەر ئەندێشە بکرێن و هیچی تر نا، بەڵام هەندێکیان کە ڕۆڵیان هەیە، لە گێڕانەوەکەدا هەن. یەکێک لەوان ئەوەیە، گوایە هەستونەستی ئەو و هیی میر لە یەک دەچن. هەردووکیان حەزیان لە پەلاماردانە، بەڵام لە خۆپاراستن بێزارن. میر خەڵک بۆ گەیشتن بە نیاز و مەرامەکانی خۆی بە کار دەهێنێت و تا بڵێیت دووڕووە و دڵی گرگنیش بە ئەمانە دەکرێتەوە و حەزیان لێ دەکات.

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر ڕێزگرتنی گرگن بۆ میر هەیە، ئەو ستایشەیە کە لە بەرانبەر ئەودا هەستی پێ دەکات. میر نوێنەرایەتیی هێز، پێشڕۆیی و دەستەڵات دەکات و گرگنیش ستایشێکی بێپایانی بۆیان هەیە. هۆکاری سێیەمینیش کە دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت، بەدڵنیاییەوە، هەستی گرگنە بۆ وابەستەیی و خۆناسی. لەڕێی ئەوەوە کە گرگن، گرگنی میری خۆیەتی، هەستێکی خۆناسین و هەستێکی خۆ بە گرنگ زانینیش بۆ خۆی دەخوڵقێنێت. لە کۆتایی گێڕانەوەکەیدا، کە لەنێو کونجی زیندانەکەیدا دەینووسێت، ئەمە بەئاشکرا دەردەکەوێت. گرگن پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هیچ میرێک ناتوانێت بێ گرگنی خۆی بێت و ڕۆژێک دێت و لە کونجی زیندان دەردەهێنرێت. ئەو، هەروەها، جێوڕێی خۆی؛ لەنێو ئەو گرۆیەدا کە لە دەوری میرن، گرنگ دەبینێت و لە خۆی وا ڕادەبینێت کە هیچ کەس ناتوانێت جێی بگرێتەوە. ئەمەیش دەکرێت وا چاوی لێ بکرێت کە بەشی زۆری خۆناسیی گرگن و شناسی ئەو لەو ڕۆڵەدا بووە، کە لە دەرباری میردا هەیبووە.

ڕق لە میرژن؛ تیۆدۆرا

هەستەکانی گرگن بۆ میرژن؛ تیۆدۆرا، لەو بڕگەیەدا کە دەستپێکی ئەم بەشەیە، بەڕوونی، دەردەکەوێت. ئەو، بەردەوام، ڕقێکی توند بەرانبەر ئەو دەردەبڕێت و میرژن ڕەمزێکی ڕوون و ئاشکرای ئەو بارگرانە ئینسانییەیە کە گرگن، تا بڵێیت، سووک و ناچیز سەیری دەکات. دۆن ڕێکاردۆی دۆستی میرژن، کە گرگن دواتر ژەهرخواردی دەکات، لەویش زیاتر ڕەمزی قێزەونیی ئینسانییەیە. بێگومان ئەو تووڕەوتڕۆییەی گرگن بەرانبەر میرژن دەریدەبڕێت،هەستی کەموێنەی ئەو نین لەنێو هەستەکانی تری ئەودا بەرانبەر میرژن. لە هەندێک هەلدا هاوبەستەییەکی لەگەڵ میرژندا هەیە، کە بەتەواوی ئاسان نییە لە سۆنگەی ڕقی بەهێزی ئەودا لێک بدرێنەوە. بۆ نموونە، کە ئەو ئەشکەنجە دەدرێت بۆ ئەوەی ڕازەکانی میرژن بدرکێنێت، هیچ شتێک نادرکێنێت. هەروەها گرگن تووڕەیش دەبێت، کە دەزانێت دۆن ڕێکاردۆ لە سەروبەندی شەڕوشۆڕدا دەست لەگەڵ قەحبەیەکدا تێکەڵ دەکات و ناپاکیی لەگەڵ میرژندا دەکات. بەڵام کە میریش لە هەمان هەلدا ناپاکیی دەکات، لەوە زیاتر کە قێزی لێی ببێتەوە، هیچ ڕق و تووڕەبوونێک پێشان نادات-›› ئەمجا کە دۆن ڕێکاردۆ دەستی درێژ کرد و مەمکی گرت، من لای خۆمەوە هەستم بە جۆرە قێزوبێز

و تووڕەییەک بەرانبەر بەو پیاوە پیس و چڵێسە دەکرد و دەمویست یەکاندوو دەست بنێمە بینی و بیخنکێنم، یا هەر نە بێت

بەو خەنجەرەکەم بیکوژم تا دوادڵۆپی خوێنە پڕ لە شەهوەتەکەی دەچۆڕێت، بە جۆرێک کە ئیتر ببڕای ببڕ نەتوانێت باوەش بە ژنێکدا بکات و لە ئامێزی بگرێت.›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل100، کوردی، ل119) ڕقی گرگن بەرانبەر دۆن ڕیکاردۆ، بەگشتی، بێپایان و دوور لە هەر نەرمونیانییەکە. بە دوو باردا نەبێت، ئاسان نییە ئەمە لێک بدرێتەوە - یا ئەوەیە گرگن لەبریی میرەکەی خۆی، یا لەبریی خۆی، تووڕەیە. لەوانەیە هەردووکیشیان پێکەوە نەخشیان لەسەر هەستەکانی گرگن لە ئاست دۆن ڕیکاردۆدا هەبێت. لە هەندێک جێی تری گێڕانەوەکەدا ئەوەیش هەیە کە ڕەنگە گرگن بۆ خۆی، ناهۆشیار، دڵی بە میرژنەوە بێت و حەزی لێی بێت.

گرگن، لە جێیەکی گێڕانەوەکەیدا، بەسەر ئەوەدا دەکەوێت کە میرژنی لە لا جوان بووە و لە جێیەکی تردا ئەوە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان میرژن لێی پرسیوە ئاخۆ ئەوی خۆش ویستووە یا نا و لە جاری سێیەمینیشدا سەرسوورمانی خۆی بەرانبەر ئەو گۆڕانانە دەردەبڕێت کە بەسەر میرژندا هاتوون. ئەمانە گشتیان نیشانەی ئەوەن کە گرگن حەزێکی شاردراوەی بۆ میرژن هەبووە و جێی سەرنج و لێڕامانی بووە. گرگن بۆچی، بۆ نموونە، هەست بەو جۆرە ڕقوکینە زۆرە، بەتایبەت، بەرانبەر بە میرژن دەکات؟ ڕێی تێ دەچێت کە هەستەکانی سەرنجراکێشان و لێڕامان پێچەوانەی خۆیان بکەونەوە و ڕق ئەستوور بکەن، بە واتایەکی تر، میکانیزمێکی خۆپاراستن وەک کاردانەوەیەک لە بەرانبەر ئەنجامدانی کارێکدا.

بێگومان خۆشەویستییەکیبەیاننەکراو هەموو ڕاستییەکە نییە سەبارەت بە ڕەوش و ڕەفتاری گرگن بەرانبەر بە میرژن. هاوبەستەیی بە میرەوە کاریگەریی لەسەر ئەوە هەیە، هەروەها ڕەوش و ڕەفتارە گشتییەکانی

ئەو لە ئاست هەموو ئەو جۆرە ئینسانانەدا کە میرژن بە بیر ئەودا دەهێننەوە. بەڵام هێشتا ئەم دوو هۆکارە، لە لایەکی ترەوە، ناتوانن سەرلەبەری ئاڵۆزییەکان لە ڕەوش و ڕەفتاری گرگندا بەرانبەر بە میرژن ڕوون بکەنەوە.

ترس لە مایسترۆ بێرناردۆ

ڕەوش و ڕەفتاری گرگن بەرانبەر بێرناردۆ تەواو دووسەرەن. لە سەرێکەوە،هەست بە ستایش و پێداهەڵدان دەکات سەبارەت بەو کارانەی ئەو دەتوانێت ئەنجامیان بدات و لە سەرێکی ترەوە،لەوە دەترسێت بێرناردۆ چی لە دەست دەبێتەوە و یارای چییە. بەگشتی بێرناردۆ تەنیا کەسێکە کە گرگن هەرگیز سەری لێ دەرناکات. ئەو بەردەوام لە حەقیقەتەکانی بوونو دنیا دەگەڕێت؛ هێزێکی بزوێنەر کە گرگن سەری لێ دەرناکات. ڕەوش و ڕەفتاری گرگن بەرانبەر بێرناردۆ، سەرەتا، زۆر دەگۆڕدرێن، تا دوایی دەبن بە ڕێزگرتنێکی دووربەدوور و ساردوسڕ. ڕێی تێ دەچێت بێرناردۆ تەنیا ئینسانێک بێت کە گرگن هەستی ترسی بەرانبەری هەبێت و لێی بترسێت. ئەم ترسەیش لەسەر بنچینەی ئەو ڕووداوە هەڵچنراوە کە جارێکیان گرگن ڕووتوقووت دەکرێتەوە، تا نیگاری بکێشرێت و ئەمە لە چاوی گرگنەوە گەورەترین سووکایەتییە پێی کرابێت. ئەم ڕووداوە دەبێت بە سەرچاوەی هەستگەلێکی تا بڵێیت نەرێنی بەرانبەر بێرناردۆ، بەڵام ئەو هەستانە دواتر دەگۆڕدرێن بۆ ستایش بەرانبەر شێوازی بوون و ژیانی ئەو. یەکێک لەو شتانەی کە سەرلەبەر گرگن بە خۆیەوە خەریک دەکات، ئەوەیە کە بێرناردۆ چۆن دەتوانێت گشت ئەو شتە دژبەیەکانە لەنێو خۆیدا کۆ بکاتەوە، یەکێکی تر ئەوەیە کە بێرناردۆ، بە هەمان کونجکاوییەوە، گرنگی بۆ هەموو شتێک هەیە و دەدات، تەنانەت ئەوانەیش کە بە لای گرگنەوە نرخی پووشێکیشیان نییە. دەتوانرێت، شەیدایی و ترسی گرگن، بە چەند شێواز لێک بدرێنەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە بێرناردۆ بەو شێوازەی خۆی هەڕەشە لە سیستەمی هەڵسەنگاندن و دنیابینیی گرگن دەکات، ڕێک لەڕێی ئەوەوە کە ئەو لەنێو خۆیدا هەموو ئەو خەسڵەتانەی یەک خستووە کە گرگن هەم ستایشیان دەکات و هەم سووکایەتیشیان پێ دەکات. هۆکارێکی تری ئەو بێدەستەڵاتییە ئەوەیە کە گرگن دووچاری دەبێت، کاتێک بێرناردۆ بە زۆری زۆردارەکی کەسایەتیی ئەو لەکەدار دەکات و ڕووتووقووی دەکاتەوە بۆ ئەوەی نیگاری بکێشێت. ئەم ڕووداوە، بێگومان، نەخشێکی خراپی لەسەر هەستەکانی گرگن هەبووە. سێیەمین هۆکاریش سەردەرنەکردنە لەوەی کە ئاخۆ بێرناردۆ یارای چییە و چی لە دەست دەوەشێتەوە. گرگن زەحمەتێکی زۆر دەکێشێت بۆ ئەوەی لە ڕەفتارەکانی بێرناردۆ بگات و هۆکارەکان بداتە پاڵ ئەوان. هەر لەبەر ئەوەیش بۆی زەحمەت دەبێت پێشبینیی ئەو بارودۆخانە بکات کە لە داهاتوودا دێنە پێش. ئاڵۆزیی کەسایەتیی بێرناردۆ، لەنێو شتگەلێکی تردا، دەبێت بە هۆی خەونێک کە ئەو تێیدا وەک بوونەوەرێکی ترسناک لە گرگن دەردەکەوێت. گرگن ئەمە وا لێک دەداتەوە کە هەستونەستەکانی بێرناردۆشێواو و بێسەروبەر خوڵقێزاون،ئەنجامێک کە گرگنخۆی پێش خەونەکەیش پێی گەیشتبوو.

ستایشی بۆ بۆکاڕۆسا

لەوەیە بۆکاڕۆسای سەرۆکی چەتەکان ئەو کەسە بێت کە گرگن لە هەموویان زیاتر ستایشی دەکات، بەر لە هەر شتێکیش لەبەر هێز و

توانستی لەشی. ئەوان، ڕاستییەکەی، هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ یەک نییە، بێجگە لەوەی کە گرگن تەنیا لە چەند هەڵێکدا بۆی هەڵدەکەوێت و دەیبینێت. وەکو تر گرگن تەنیا زانیاریی لەبارەی ئەوەوە بە دەست دەهێنێت، کە بۆکارۆسا خەریکی چییە و دووربەدوور ستایشی دەکات. میرژن، لە هەڵێکدا، لەبارەی خۆشەویستییەوە گفتوگۆیەک لەگەڵ گرگن دەکات و گرگن وا لێ دەکات بڵێت، ڕاستییەکەی ئەگەر ئەو لەداهاتوودا کەسێکی خۆش بووێت، ئەو کەسە ژن نابێت و پیاوێک دەبێت. پاشان دەردەکەوێت ئەو پیاوەی لە بیروخەیاڵی گرگندا بووە، بۆکارۆسا بووە و کەسی تر نا. (لاگەرکڤیست، 1944، ل117) کەواتە بەم جۆرە دەتوانرێت بوترێت کە ستایشی گرگن بۆ بۆکارۆسا لە ستایشی ئەو بۆ میریش زیاتر بووە. گرگن، لە هەڵێکی دواتردا، بێزناردۆ بە بۆکارۆسا بەراورد دەکات و بەو ئەنجامە دەگات کە ڕۆحی بەهێز و بەشکۆی بێزناردۆ، سەرباری هەموو شتێکیش، بە تۆزی توان و هێزی سروشتیی بۆکارۆسادا ناگات. (لاگەرکڤیست، 1944، ل175) وا پێدەچێت ئەوەی گرگن لە بۆکارۆسادا دەیبینێت هێز و بەهێزی و ملنەدان و ڕامنەبوونی ئەو بن. بۆکارۆسا، لە زۆر ڕووەوە، نموونەی باڵا و کڵێشەی ئەو ئینسانە بەهێزەیە کە لای گرگن پەسەندە و جێی ستایش. ڕوانینی گرگن بۆ ئینسانی باڵا، تەواو لەگەڵ بۆکارۆسادا دێتەوە و لەوەیە هەر لەبەر ئەوەیش بێت هێندە جێی پەسن و ستایش بێت لای. ئەمە،تاڕادەیەک، لە شەیدایییەکیش دەچێت لە بەرانبەر درندەییدا، بەر لە هەر شتێکی تریش لە بەرانبەر ئەو تووڕەوترۆییەدا، کە هیچ شتێک ناتوانێت بەری بگرێت و لە بەرانبەر ئەو خواستەیشدا کە بەردەوام لە شەڕوشۆڕ دەگەڕێت.

گرگـن زانیارییەکـی ئەوتـۆی نییـە بـۆ ئـەوەی وێنـەی خـۆی بـۆ بۆکارۆسـای لەسـەر هەڵچنێـت. وا پێدەچێـت کـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەوەدا کـە هێـز و توانـی لەشـی بۆکارۆسـا چۆنـن، بـۆ خـۆی خەسـڵەتەکانی کەسـایەتییەکەی ئـەوی، لـە زۆر ڕووەوە، تـەواو کردبێـت. بەپێـی تیۆرییـەک کـە ئێمـە چـۆن لـە خەسـڵەتەکانی کەسـایەتییەک تێدەگەیـن، گرگـن بـێ ئـەوەی بـۆ خـۆی سـەرنجی لێیـان دابێـت، ئـەو کەسـایەتییەی بـە چەنـد خەسـڵەتی تـر، کـە خـۆی سـەرنجی نـەداون، پـڕ کردووەتـەوە. (ئەنیەلوێـڤ و یۆنسـۆن، 1990، ل109) بـۆ نموونـە، بۆکارۆسـا، خەسـڵەتی وەک بەهێـزی و سروشـتی و... هەروەهـا لەوانەیـش زیاتـری بـە بـاڵادا بـڕدراوە.

5

ڕەفتار بەرانبەر ئەوانی تر

‹‹تـەواو لـە پێسـتی خـۆم هاتبوومـە دەر و هـەر نەمدەزانـی خەریکی چیم. نەمدەزانـی؟ بـا، دەمزانـی و باشـیش دەمزانـی! داوای تۆڵەسـەندنەوەم دەکـرد، تۆڵەسـەندنەوەی هەمـوو شـتێک! لـە دوای چەسـپاندنی یەکسـانی بـووم! دەسـەڵاتی ترسـناکی خۆمـم بەسـەر مرۆڤـدا تاقـی دەکـردەوە! بەڵام سـەرباری ئەوەیـش خۆشـییەکی تـەواوم لـێ نەدەبینـی و دڵـی خـۆش نەدەکـردم.›› (لاگەرکڤیسـت، 1998، ل315، کـوردی، ل253) بەدەسـتهێنانی زانیـاری سـەبارەت بـە ڕەفتـاری گرگـن بەرانبـەر ئەوانـی ترئاسـان نییـە، چونکـە تاکـە سـەرچاوەیەک ئـەو بڕگانـەن کـە گرگـن خـۆی یادداشـتی کـردوون. بـەڵام، سـەرباری ئەمەیـش، ساردوسـڕی و دوورەپەرێـزی ئاشـکرا نەخشـیان لەسـەر ڕەفتـاری ئـەو بەرانبەرئەوانـی تـر داناوە.گرگـن، ئاشـکرایش لـەو ڕەوش و ڕەفتارانـەدا کـە پێشـتر باسـکران، سـەرکوتی هەستونەسـتە سروشـتییەکانی خـۆی بەتونـدی کـردووە.

سەرکوتکردنی هەستونەستە سروشتییەکان

ڕەفتـاری گرگـن بەرانبـەر ئینسـانەکانی تـر، لـە زۆربـەی بارودۆخەکانـدا، ڕەفتارێکـی داخـراو، ڕەقوتـەق و ساردوسـڕە. ڕەوش و ڕەفتارێکـی ڕوون و ئاشـکرای گرگن،ڕوانینـی لەڕیـزلادەری ئـەوە بەتایبـەت بەرانبـەر میـرژن؛ تیـۆدۆرا. ڕەفتـاری گرگـن بەرانبـەر میـرژن، بەرلـەوەی دۆن ڕیـکاردۆی لـە دەسـت بچێـت و بەنێـو بیـر و ئەندێشـەی ئایینیـدا ڕۆ بچێـت، هەمیشـە، ڕەفتارێکـی دروسـتە. ئەمـە سـەرباری هەمـوو ئـەو ڕەوش و ڕەفتـارە نەرێنییـە تۆندڕۆیانـەی کـە گرگـن هـاوکات بەرانبـەر ئـەو پێشـانیان دەدات. تەنانـەت، بـێ ئـەوەی ناپاکیـی لەگـەڵ بـکات و میـری لـێ ئـاگادار بکاتـەوە، نامـە دڵداڕییەکانـی بـۆ دۆسـتەکەی دەبـات.

گرگـن، لـە چەنـد جێـی گێڕانەوەکەیـدا، ئـەو خواسـتە پێشـان دەدات کـە دەیەوێـت تۆڵـە لـە دنیـا و ئینسـانەکانی تـر بکاتـەوە، بـەڵام ڕوون نییـە ئـەو خواسـتەی بـۆ هەیـە. لـە هیـچ جێیەکـی یادداشـتەکانیدا ئاشـکرا و ڕاشـکاو نـاوی ناهێنێـت چییـە ئـەوەی دەیەوێـت تۆڵـەی خـۆی لـێ بسـتێنێت، بـەڵام لـە چەنـد جێیەکـی تـری باسـەکانیدا سـەبارەت بـە ڕەفتـاری ئـەوان بەرانبـەر بـە خـۆی، ئاسـانتر دەتوانرێـت تێبگەیـن بـۆ ئـەو هەسـتی تۆڵەسـەندنەوەیەی هەیـە. بـەڵام گرگـن جڵـەو بـۆ ئـەو هەسـتە تۆندوتووشـەی خـۆی بـۆ پەلامـاردان و هەڵکوتانـە سـەر ئەوانـی تـر و خواسـتی خـۆی بـۆ تۆڵەسـەندنەوە شـل نـاکات و هەسـتەکانی لەنێـو خۆیـدا دەهێڵێتـەوە و بـە ئەندێشـە و خەیـاڵ نەبێـت، بـە هیـچ جۆرێکـی تـر دەریاننابڕێـت. ئەمـە نیشـانە نییـە بـۆ ئـەوەی هەسـتی گرگـن بـۆ پەلامـاردان و هەڵکوتانـە سـەر ئەوانـی تـر بەهێـز نیـن. ڕێـک بەپێچەوانەوە،لێکۆڵینـەوەکان ئەوەیـان پێشـان داوە کـە ئەندێشـەی

ئینسان بۆ پەلامارداڕ و هەڵکوتانە سەر ئەوانی تر، ڕەفتاری ئینسان لەو بارەوە بەهێزتر دەکەن، نەک لاوازتر. (ئارۆنسۆن، 1995، ل258، ف.ف)

هەستی پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر ئەوانی تر

گرگن، تەنیا لە هەندێک جێدا، جڵەو بۆ هەستی پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر ئەوانی تر و سادیزم شل دەکات. ڕەفتاری ئەو، زۆربەی کات، وەک پێشتریش باسکراوە، ڕەقوتەق و داخراوە. گرگن، لەو بڕگەیەدا کە وەک دەستپێکی ئەم بەشەی نووسراوەکە هێناوەتەوە، ئاماژە بۆ یەکێک لە سەردانەکانی خۆی بۆ لای میرژن دەکات، دوای ئەوەی ئەو سەرگەرمی بیر و ئەندێشەی ئایینییە و قووڵ بەنێویاندا ڕۆ چووە. گرگن، لەوێدا، هەل بە دەست دەهێنێت و بە ڕووی میرژندا دەتەقێتەوە، بە ژیانێکی پڕ لە گوناهکاری و بەدئایینی تاوانباری دەکات. لە جێیەکی تردا، لەسەر داوای میرژن خۆی، بە قامچی لێی دەدات. تاڕادەیەک دەتوانرێت هەڵسوکەوتی گرگن لەبەر ڕۆشنایی تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتیدا (social learning) لێک بدرێتەوە. ئەگەر ئەو بۆ خۆی لە هەلێکی پێشتردا، لە سۆنگەی هەستی پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر ئەوانی تردە، تووشی سزادان بووبێت (فێربوونی ڕاستەوخۆ)، یا ئەگەر کەسێکی تری بینیبێت دووچاری سزادان کرابێت (مۆدێل بۆ فێربوون)، ئەوا هەستی خۆیشی بۆ پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر ئەوانی تر، یا خەفە دەبێت یا بەتەواوی ون دەبێت، ئەگەر وا دابنرێت مەترسیی سزادان زۆرە. ئەگەر وایشدابنرێت مەترسیی سزادان کەمە، ئەوسا ڕەفتاری خەفەبووی پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر ئەوانی تر دەردەکەوێت. (ئەنیەلویڤ و یۆنسۆن، 1990، 47، ف.ف.)

نموونەیەک بۆ (فێربوونی ڕاستەوخۆ) دەتوانێت ئەو جارەیان بێت کە گرگن بەوپەڕی تووڕەییەوە پەلامار دەدات و هەڕەشە دەکات، تەنانەت بێڕێزی بە خوا دەکات و کفریش. لەو جارەدا، چەند ڕۆژێک، دەست و پێی دەبەستڕێنەوە، بەڵام دوایی ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە سەر کاروباری پێشووی خۆی.

پەلاماردانی تۆندڕۆ و کوشتار

گرگن، ئەمەیش ئەوپەڕی نائومێدییە بۆ ئەو، هەرگیز ڕێی نادرێت لە جەنگدا بەشداری بکات، بەڵکو ناچار دەکرێت لە ئۆردوگاکەی میردا بمێنێتەوە و دووربەدوورسەیری شەڕ و بەیەکدادانەکان بکات. سەرباری ئەوەیش، جارێکیان، کاتێک وێرانەیەک کە دوژمنان لە دوای خۆیانەوە بە جێیان هێشتووە، دەپشکنێت، هەلی شەڕوشۆڕی بۆ دەڕەخسێت. لە ژێرزەمینی ئەم وێرانەیەدا گرگنێکی تر دەدۆزێتەوە، کە ئاشکرا دیارە خزمەتکار بووە و هیچچەکێکیشی بۆ خۆپاراستن پێ نییە. گرگن دوای ئەو خزمەتکارە دەکەوێت و ئەنجام بە شمشێرە کورتەکەی دەیکوژێت.

گرگن، هەروەها، تاوانبارە بە ژەهرخواردکردنی دۆن ڕیکاردۆ و ئەمەیش کاتێک ئەنجام دەدات کە هەلی بۆ هەڵدەکەوێت و شەرابی ژەهراوی، نەک بۆ سەرلەبەری باڵادەستەکانی میرنشینی دوژمن دەگێڕێت و ژەهرخواردیان دەکات؛ بەڵکو بۆ دۆن ڕیکاردۆیشی دەگێڕێت و بە نیازیش ئەوە دەکات. گرگن، لە هەردوو بارەکەدا، وا تێدەگات کە ئەرکی سەر شانی خۆی و خواستی میرەکەی جێبەجێ کردووە، بێ ئەوەی میر هیچ فەرمانێکی بەسەردا دابێت. بەرپرسیی

خۆیشی هێندە تایبەت و گرنگ ناگرێت، دوور نییە ئەمەیش کۆمەکێک بەوە بکات؛ کە ئەو پاشان بە هیچ جۆرێک هەست بە پەشیمانی نەکات سەبارەت بەوەی ڕوویداوە، بەڵکو لەبریی ئەوە هەست بە بەخۆدانازین دەکات بەوەی کە بووە بە هۆکاری مردنی هەم دۆن ڕیکاردۆ و هەم ئەوانی تریش.

گرگن، بەگشتی، هەست بە شادومانی دەکات بەرانبەر جەنگ و یەکتری لەناوبردن. کوشت و کوشتار کە لە مەیدانەکانی جەنگدا ڕوو دەدەن ئەو پڕ دەکەن لە شاگەشکەیی و خواستی بەشداریکردن لە جەنگدا. خواستی ڕووخێنەرانەی گرگن و حەزی تۆڵەسەندنەوە، لەو هەلانەدا، تەواو بەهێزن. بەرزبوونەوەی ئاستی هەستی پەلاماردان و دەستدرێژیکردنیشی بۆ ئەوانی تر، لەو هەلانەدا، شتێکی سەیر نییە و لە تاقیکردنەوەی سایکۆلۆژاییدا پێشان دراوە. ئەگەر ئینسان بەر بە هەستی پەلاماردان و دەستدرێژکردنە سەر ئەوانی تر لەنێو خۆیدا نەگرێت، ئەم جۆرە ڕەفتارە کەم ناکات، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە زیاد دەکەن. وێکچوو لەگەڵ ئەوەدا کە تیۆریی (مۆدێلی فێربوون) پێشبینیی دەکات، بینینی ئەو جۆرە ڕەفتارە لای ئەوانی تر، دەبێت بەهۆی زیادبوونی هەمان ڕەفتار لە خۆیش. (ئارۆنسۆن، 1995، ل258، ف.ف.)

تێکچوونی هەستی بەزەیی و دلۆڤانی

ڕەفتاری گرگن بەرانبەر ئەوانی تر، بەئاشکرا، تێکچوونی هەستی بەزەیی و دلۆڤانیی ئەو بەرانبەر ئەوانی تر پێشان دەدات. ئەو هەست بە هیچ گوناهێک، یا پەشیمانییەک،لە ڕەفتارەکانی خۆی ناکات، ئەگەرچی بووبن بە هۆکاری دەردوئازار و تەنانەت مردنی ئینسانەکانی تریش. شێوازێک بۆ ڕوونکردنەوەی تێکچوونی هەستی بەزەیی و دلۆڤانیی گرگن، شێوازێکی نێو تیۆرییەکەی هێینز کۆهوتە (Heinz Kohut) سەبارەت بە (ئاوەژووبوونەوەی هەستی بەزەیی و دلۆڤانی). گرگن، لەم بارەدا، ناکرێت ئۆبیەکت، یا کەسانێکی هەبووبێت، تا خۆیێیان پێناسە بکات و هەستی کاردانەوەیبەزەیی و دلۆڤانییان بەرانبەر بە ڕەفتاری ئەوهەبووبێت. ئەمیان زیاتر ڕێی تێ دەچێت و دەبێت هەروەهایش بووبێت، چونکە دایکی خۆی بۆ پارەوپوولێکی کەم، ئەوی بە دەربار فرۆشت و لەوەیش ناچێت کەسێک هەبێت بە لایەوە گرنگ بێت گرگن ژیانی خۆی چۆن بە سەر دەبات و چ ژیانێک دەژی.

گوێڕایەڵی

ڕەفتاری گرگن، هەروەها، پێشان دەدات کە ئەو ئاشکرا مەیلی گوێڕایەڵی هەیە. ئەو لە ئاست میردا دووسەرەیە و بێ هیچ دوودڵییەک گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەوە و لە فەرمانی دەرناچێت. گرگن خۆی باسی ئەوە دەکات کە ئەو وەک ‹‹سەگێکی بەوەفا›› بەدەم کلکەلەقێوە دوای سەروەرەکەی خۆی دەکەوێت و تەنانەت بۆ خۆیشی ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە ئەمە بۆ ئاوهایە.

لەم ڕوانگەیەوە، لەوە دەچێت، ڕوون بێت کە گرگن لە پەیژەی ف. کالیفۆرنیادا (California F Scale) پلەیەی باڵای بەر بکەوێت، بە واتایەکی تر، گرگن نرخاندنێکی پڕ لە دەستەڵاتخوازی

سەبارەت بە دنیا و ئینسانەکانی تر هەیە. (میشێل، 1993، ل185-186)

گرگن، بەگشتی،
هەست بە شادومانی
دەکات بەرانبەر جەنگ
و یەکتری لەناوبردن.
کوشت و کوشتار کە لە
مەیدانەکانی جەنگدا ڕوو
دەدەن ئەو پڕ دەکەن لە
شاگەشکەیی و خواستی
بەشداریکردن لە جەنگدا

6

ڕوانین لە ڕەفتاری ئەوانی تر

‹‹کاتێک کە من خۆم بە تەنیا بەنێو شاردا بڕۆم، هەر زوو دەمبینن و تووک و جوێنی خۆیان بە دوامدا دەنێرن. ئەوە گرگنەکەی میرە! ئەگەر شەقێک لە گەڵوقنگی هەڵبدەیت، وەک ئەوەیە لە گەڵوقنگی میری بدەیت! نایشوێرن ئەمە بکەن، بەڵام مشکی تۆپیو و شتی دیکەی پیس و مردارەوەبووی سەر زبڵەکانم تێ دەگرن. کەچی کاتێک کە بە تووڕهیی و سەروچاوگرژییەوە شمشێرەکەم هەڵدەکێشم، یەک بە خۆیان لە قاقای پێکەنین دەدەن و هاوار دەکەن: چ گەورە و میرێکی سەیروسەمەرەمان هەیە! من ناتوانم خۆمیان لێ بپارێزم، چونکە هەردوولامان هەر بە هەمان چەک لە سەر خۆمان بە دەنگ نایەین و خۆمان ناپارێزین. من دەبێت لەو کاتانەدا، بە جلوبەرگە لە پیسی هەڵکێشراوەکانمەوە، لە دەستیان هەڵبێم.›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل20-21، کوردی، ل20)

ڕوانینی گرگن بۆ ڕەفتاری ئەوانی تر سەرلەبەر بە دنیابینیی نەرێنیی ئەو ڕەنگی گرتووە و تاڕادەیەکیش ئەمڕەنگی دنیابینییە نەرێنییە، بە ڕەفتاری نەرێنیی ئەوانی تر بەرانبەر بەو تۆختر دەبێت. دەتوانرێت بوترێت کە گرگن بە زۆر شێوە، لە پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ ئەوانی تر، کەوتووەتە نێو پێچەڵپێچێکی نەرێنییەوە. ڕەفتاری نەرێنی، یا ترسناکی ئەوانی تر، لە بەرانبەر ئەودا بووە بەهۆی بەسووکیسەیرکردن و ڕق بەرانبەر بە ئەوان. ئەمەیش بە جێی خۆی ئەو ڕەفتارە لای گرگن بەهێز دەکات کە دەبن بەهۆی ئەو کاردانەوانە لە لایەن ئەوانی ترەوە.

گیرۆدەیی

لەو بڕگەیەی سەرەوەکە دەستپێکی ئەم بەشەیە، دەتوانرێت ئەوە بە دەست بهێنرێت کە جێوڕێی گرگن لە دەرباردا جێوڕێیەکی

گیرۆدەیە؛ ئەوەی کە زۆربەیان و لەنێویاندا خەڵکی ئاسایی نێو دەربار چارەیان ناوێت. وا پێدەچێت گرگنیش خۆی ئەمە وا لێک بداتەوە کە ئەو مایەی ترس و تەنانەت هەندێک جاریش تۆقاندنی خزمەتکاران و کارەکەرانی دەربارە. (لاگەرکڤیست، 144، ل32) خەڵکی دەرەوەی دەرباریش بەسووکی تێی دەڕوانن و ئەویش بەسووکی سەیری ئەوان دەکات. لەوە ناچێت گرگن، زۆر بە خەمی جێورێی خۆیەوە لە دەربارەدا بێت و تەواو بەوە ڕازییە کە سێبەری تاریکی میرەکەی خۆیەتی.

ڕوانینی گرگن بۆ ڕەفتاری ئەوانی تر، بەتەواوی، لەگەڵ دنیابینیی ئەودا دێتەوە. هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە بکرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ هەستی «نەرمونیانی»، نەگونجاو و هیچ قەبوولکردن نین، هەروەها ئەو ڕەفتارانەیش کە ئاماژەن بۆ بێهێزی، یا هەندێک جۆری تری شۆروشەوق، هیچ ئەوە نین قەبوول بکرێن. لای ئەو، تەنیا ئەو ڕەفتارانە تەواو سروشتین، کە ڕەگوڕیشەیان دەگەڕێنەوە بۆ توانستی ڕووخاندن و پەلاماردان و دەستدرێژیکردن.

مۆرك

ڕوانینی گرگن، بەئاشکرا، مۆرکی ئەو تایبەتمەندییانەی پێوەیە کە خۆی ڕەفتاری ئەوانی تری پێ نەخشاندووە. بۆ نموونە، ڕەفتاری خۆنەویستیی ئەوانی تر بە گێلی، بێهزیی هەستونەست وتاد... دەچوێنێت. سووک لەو کەسانە دەڕوانێت کە بە هەر نرخێک بێت دەیانەوێت بژین، یا بەختیار بن؛ ئەوانە، لە ڕوانگەی ئەوەوە، لە مانای پووچی و بێمانایی ژیان نەگەیشتوون. ئەو شێوازەی ئەو بۆ تێگەیشتن ولێکدانەوەی ڕەفتاری ئەوانی تر بە کاری دەهێنێت، زۆربەی کات، مۆرککردنی ئەوانە بە گێلی، یا خۆپەرستی. تێگەیشتنی ئەو، کەواتە، بۆ ڕەفتاری ئەوانی تر تەواو سنووردارە. سروشتی ڕوخێنەرانە و پڕ لە پەلاماردان و دەستدرێژیی ئەو، سنووری بۆ تێگەیشتن و خوێبینینەوە و خۆدۆزینەوەی خۆی لە ڕەفتاری ئەوانی تردا داناوە. لەبەر ئەوەی ئەو بە تەنیا ڕێز لە ڕەفتارە دەستەڵاتسەپێن و خۆویستییەکان دەگرێت، دەتوانرێت بوترێت جۆرەکانی تری ڕەفتار ناچنە نێو سنووورەکانی دنیای تێڕوانینی ئەوەوە. ئەو ڕەفتارانەی تر کە ئەو سەرنجیان لێ دەدات، بە گێلی و قێزەونییان دەزانێت. نموونەی ئەم ڕەفتارانەیش؛ خۆشەویستی،

پیێر لاگەرکڤیست

هاوڕێیەتییەک کە بۆ گەیشتن بە نیاز و مەرامەکانی خۆت بە کاری ناهێنێت، سێکسوالیتی، کونجکاوی و...تاد...نەهەر بۆ نموونە، تەواو ئاشکرایە بۆچی ئەو لە ڕەفتارەکانی بێرناردۆ تێناگات. ئەمە دەتوانرێت بەوە لێک بدرێتەوە کە بیرناردۆ جڵەوی خۆی داوەتە دەست کونجکاوی و گرنگیدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری. ئەمانەیش لە چاوی گرگندا لە جێی هیچن.

ئامراز بۆ ئەوانی تر

شێوازێک بۆ تێگەیشتن لە ڕوانینی گرگن بۆ ڕەفتاری ئەوانی تر، بۆ نموونە، تیۆریی فێربوونی کۆمەڵایەتییە (social learning). گرگن لەو ڕۆژەوە کە لە لایەن دایکیەوە بە دەربار فرۆشرا، وەک ئامرازێک بۆ ئەوانی تر بە کار هێنراوە. بێ ئەوەی خۆی وەک ئینسانێک تەماشا کرابێت، فەرمان و کاروبارەکانی ئەوانی تری جێبەجێ کردووە. ئەم ئەزموونەی ئەو، کە ئینسانەکانی تر چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردووە، بەدڵنیاییەوە، مۆدێلێک دەخولقێنێت بۆ ئەوەی کە چ چاوەڕوانییەک لە ڕەفتاری ئەوانی تر دەکرێت لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ گرگن و لەنێو خۆیاندا. لەگەڵ پەیدابوونی ئەم مۆدێلەدا، فێربوونیشی بەهێزتر دەبێت کاتێک ڕەفتارەکان، جار لە دوای جار، چەندبارە دەبنەوە. ئەم جۆرە مۆدێلە کە چی لە ئینسانەکانی تر چاوەڕوان دەکرێت، دەکرێت بەو لایەشدا بشکێتەوە کە هاندەری هەمان جۆری ڕەفتار بن لەوان. ئەمەیشلەڕێی ئەوەوە دەبێت کە هیچ ڕەفتارێکی جیاوازی تر، وەڵامی ئەرێنی نادرێتەوە.

6

لێکدانەوە تیۆرییەکان

‹‹سەریان بە گۆڕی بابیان با هەر هەموویان لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێن! سەرلەبەری ئەم بوونەوەرانەی خۆیان بە مرۆڤ ناو دەبەن و هەر یەکێک لە ئێوە پڕ لە قێزوبێز دەکەن، با بسووتێن! بۆ دەبێت هەبن؟ بۆ دەبێت ئەمانە لە بەری گشت شتێک بخۆن، پێ بکەنن و گیرۆدەی ئەوینی یەکتر بن و بە لووتبەرزییەوە بە سەرانسەری دنیادا بڵاو ببنەوە!ئەم کەڵەکبازە درۆزنانە بۆچ دەبێت هەبن، ئەم بوونەوەرە بارگرانکەر و بێئاوڕووانەی کە شاکارەکانیان لە گوناهەکانیان تاوانبارترن! دەبا هەر هەموویان لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێن.›› (لاگەرکڤیست، 1944، ل158، کوردی، ل188) تا ئێستا کەسایەتیی گرگن لەبەر ڕووناکایی پێنج بابەتدا، خۆبینی، دنیابینی، ڕوانین لە ڕەوش و ڕەفتاری تر، ڕەفتار بەرانبەر ئەوانی تر و ڕوانین لە ڕەفتاری ئەوانی تردا، باسی لێوە کرا. هەر لێرەیشەوە لە چەند ڕوانگەی جیاوازەوە کەسایەتیی گرگن بەرچاو خران و تاڕادەیەکیش چەند لێکدانەوەی جۆراجۆر پێشکەش کران. دەکرێت ئێتر ئاشکرا، دوای ئەم هەڵسەنگاندنە، دیار بێت کە گرگن دووچاری جۆرێک لە جۆرەکانی لەقبوون یا خراپبوونی کەسایەتییە- بەر لە هەر شتێکیش، کاتێک کە باس لە هەستونەست و پەیوەندی و خۆبینینە. دەکرێت، لەقبوون یا خراپبوونی کەسایەتیی گرگن، لە ڕوانگەی چەندین تیۆریی تایبەت بە کەسایەتی- و سیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە لێک بدرێنەوە. ئەم بەشەی دوایی

لێکۆڵینەوە

نووسراوەکـە، چەنـد لێکدانـەوە بـۆ شـیکردنەوەی پێشـینەی هـۆکارە بنچینەییەکانـی کەسـایەتی و ڕەفتـاری گرگـن لـە خـۆ دەگرێـت. لـە هـەر برگەیەکیـدا بەشـێک لـە کەسـایەتیی ئـەو، ڕووناکایـی دەخرێتـە سـەر و لـە ڕوانگەیەکـی تایبەتـەوە کەسـایەتیی ئـەو لێـک دەدرێتـەوە. ناکرێـت، ئـەم لێکدانـەوە جیاوازانـە، وەک لێکدانـەوەی دژبەیـەک بەرانبـەر بـە یەکـتری بگیردرێـن، بەڵکـو تـا ئـەو جێیـەی کـە دەکرێت،دەبێـت وەک تەواوکـەری یەکـتر چاویـان لـێ بکرێـت.

لێکدانەوە سایکۆداینامیکییەکان

دەکرێـت کەسـایەتیی گرگـن، لـە ڕوانگـەی سـایکۆداینامیکییەوە، وەک ئەنجامێکـی لەقبـوون یـا خراپبوونێکـی نێورۆتیکـی لێـک بدرێتـەوە. گرگـن، لـە سـەرلەبەری گێرانەوەکـەی خۆیـدا، لـە کـەم کەمـتر، باسـی منداڵیـی خـۆی دەکات و چ گومانێکیـش لـەو گریمانەیـە نییـە کـە ڕەگوڕیشـەی نێورۆسـی ئـەو، دەگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو ئەزموونـە تراومایانـەی کـە ئـەو لەو سـەردەمەدا تاقـی کردوونەتـەوە. تاکـە بیرەوەرییـەک کـە لـە گێرانەوەکـەی ئـەودا هەیـە، ئـەو بڕگەیەیـە کـە پێشـتر ئاماژەی بـۆ کـراوە، کاتێـک دایکـی بـە میـری فرۆشـتووە. ئـەو، لەوێـدا، هیـچ ئاماژەیـەک بـۆ هەستونەسـتی بەهێـزی خـۆی بەرانبـەر بـە خیانەتـی دایکـی، یـا گیرۆدەیـی خـۆی وەک منداڵێـک، نـاکات.

وا پێدەچێـت، چەنـد میکانیزمـی خۆپاراسـتن، لـە ئـارادا هەبـن بـۆ پاراسـتی هۆشـیاریی گرگـن لـە بەرانبـەر بیرەوەرییەکانـی منداڵیـی خۆیـدا. ئـەوەی ئاشـکرایە لەنێـو ئـەو میکانیزمانـەدا، خۆچەپاندنـە و ئـەو، سـووک و ئاسـان، خـۆی وا پێشـان دەدات کـە هیـچ منداڵییەکـی، یـا مێژوویەکـی لەپێشـینەی، نەبووبێـت و هیـچ گرنگییەکـی بـۆ ئـەو مێـژووە نییـە. کـە چرووسـکەی بیرەوەریـی دایکـی، لەپـڕ، پەیـدا دەبێـت، ڕووداوەکـە لـە هەستونەسـتەکانی بـە دوور دەگرێـت و لـە سـووچێکی دەئاخنێـت و تەنیـا هـەر چۆنێتیـی ڕووداوەکـە دەگێڕێتـەوە و خـۆی لـە باسـکردنی خـۆی دەبوێرێـت. ئـەو هـەوڵ دەدات لـە ڕوانگەیەکـی عەقلانییـەوە لـە ڕەفتارەکـەی دایکـی بڕوانێـت و (بـە تێگەیشتنیشـەوە)، ئەمەیـش زیاتـر ئـەوە پێشـان دەدات کـە ئـەو خـۆی وا نابینێـت لـەو بارودۆخـەدا هیـچ بەشـدارییەکی هەبووبێـت.

نێورۆسـی گرگـن بـە چەنـد شـێواز خـۆی دەردەبڕێـت. ئـەو لـە باریـدا نییـە هەڵگـری بەزەیـی و دڵۆڤانـی بێـت و خـۆی دووبارەپەرێـز لـە لەشـی خـۆی دەگرێـت. ئـەو، هەروەهـا، دڵـی تێکـەڵ دێـت بـە لەشـی ئەوانـی تـر و بـە دەربڕینـە هەسـتەکییەکانیان. لەوەیـە، ئـەم دڵتێکەڵهاتنـە، میکانیزمێکـی خۆپاراسـتن بێـت لای ئـەو، بـۆ ئـەوەی ڕووبـەڕووی ئـەو شـتە نەکرێتـەوە کە چەپێـنراو لـە ناهۆشـیارییەودا هەیـە. میکانیزمـی خۆپاراسـتی ئـەو، زیاتـر لـەوەوە نزیکـە، کـە لـە سـەرهەڵدانی کاردانـەوە(reaction formation) دەچێـت؛ ئـەوەی کـە ڕاسـتییەکەی گرگـن خوازیـاری ئەوەیـە و دەیەوێـت لەشـی خـۆی و هەسـتە گەرموگوڕەکانـی خـۆی تاقـی بکاتـەوە، کەچـی لەبریـان هەسـت بـە دڵتێکەڵهاتـن دەکات. هەروەهـا ئەمەیـش دەکرێـت شـێوازێک بێـت بـۆ نکوڵیکـردن لـە لـەش و هەسـتەکانی خـۆ و، زۆربـەی کاتیـش، ئەمـە لـەو ڕێیـەوە پێشـان دەدرێت کـە ئـەو نکوڵی لە ئینسـانبوونی خـۆی دەکات. لەڕێـی ئـەوەوە کـە ئـەو جەخـت لەسـەر باڵادەسـتیی خـۆی دەکات و هەوڵیـش دەدات لـە بـەردەم ئەوانـی تـردا بەرجەسـتە پێشـانی بـدات، دەتوانێـت نکوڵـی لـەو کڵێشـەی ڕەفتارانەیـش بـکات کـە لـە ڕوانگـەی ئـەوەوە پێـی وایـە شوناسـن بـۆ ناسـینەوەی ئینسـانەکانی تـر.

شـێوازێک بـۆ بینینـی ئـەوەی کـە ئـەوە چـی بـووە، لـە سـەروبەندی

مندالّیی ئەودا، بە باری هەڵەدا کەوتووەتەوە، بە نموونە، ئەو لەقبوون و خراپوونەی هەستی ئەوە بەرانبەر بە بەزەیی و دلۆڤانی. دەیشگونجێت بە کەموکووڕی لە (ئاوەژووبوونەوەی هەستی بەزەیی و دلۆڤانی)ی ئەودا لێک بدرێتەوە. هەروەها دەکرێت کەموکووڕییەک لەو ئۆبێکتانە هەبووبێت، کە نەیتوانیوە بۆیان بگەڕێتەوە و خۆی پێیان پێناسە بکات.

لێکدانەوەکانی خۆناسین (لەبەر ڕووناکایی ڕەواننناسیدا)

کلّێشەی گرگن بۆ خۆناسین و شیکاریی خۆی، لە زۆر ڕووەوە،ڕووخێنەر و شکێنەرە. خۆبینینی ئەو، بەئاشکرا، خۆبینینێکی شێواوە و ئەمە لە بڕگەیەکی پێشتردا زیاتر ڕوون کرایەوە. ئەو نەخشەی خۆناسییەی (cognative self schedule)گرگن لەبارەی خۆیەوە هەیەتی، ڕۆڵێکی سەرەکیی پێ دەدات، کە تەنانەت بەئاستەمیش، لێی نزیک نابێتەوە. ناهاوئاهەنگیی خۆناسییەک (cognative dissonance) کە لەمە پەیدا دەبێت، کاتێک چاوەڕوانییەکانی گرگن سەبارەت بە ڕۆڵی خۆی لە واقعدا جێبەجێ نابن، وا پێدەچێت، لە حاڵەتی ئەودا، زەمینە بۆ هیچ گۆڕانکارییەک لە نەخشەی خۆناسیی ئەودا ساز نەکەنو ئەمە بیروخەیاڵی ئەو سەبارەت بە خۆی، وەک کەسێکی باڵادەستتر و ڕەسەنتر بەهێز دەکات؛لەو ڕێیەوە کە،لێکدانەوەیەک هەڵدەبژێرێت بۆ ڕەفتاری ئەوانی تر کە لێی تێناگەن.ئەنجامی ئەمەیش پێچەڵپێچێکی نەرێنییە، لەوێدا خۆی لەوانی تر دوورەپەرێز دەگرێت و بەمە سەرنجی ئەوانی تربۆ گرگن هێندەی تر کەم دەبێتەوە. توانستی تێگەیشتنی گرگن، بەگشتی، بۆ هەست و پەیوەندییەکانی نێوان ئینسانەکانی تر خراپە. ئاگایی کۆمەڵایەتیی ئەو (social perception)، سنووردار و داتاشراوە بەو بیروخەیاڵانەی ئەو کە ئاخۆ ئینسانەکانی تر چۆن بیر دەکەنەوە و کار دەکەن.

لێکۆڵینەوە

تیۆرییە سایکۆلۆژیاییە کۆمەڵایەتییەکان

ڕوانینی گرگن، بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی هۆکارگەلێکی جۆراجۆرەوە، بەتەواوی شێواوە. ئەو کەسانەی کە وەک (مۆدێل بۆ فێربوون)ی هەڵسوکەوتی کۆمەڵاتی کارا بوون، لە ئاست گرگندا بە شێوەیەکی خۆویستی و بە شێوازێک ڕەفتاریان کردووە، کە بووە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو بۆ گەیشتن بە نیاز و مەرامەکانی خۆیان. لەبەر ئەمە، ئەویش فێری ئەم جۆرە ڕەفتارە بووە و ئەم ڕەفتارە بە کاردانەوەی ئەوانی تر بەهێزتر بووە. هەروەها گرگن (ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی) وەک یارمەتیدەری نادیاری میر بە دەست هێناوە. لەڕێی پاراستن و هێشتنەوەی جێوڕێی خۆیشیەوە، (ناسنامە)ی خۆیشی پاراستووە و ئەم ناسنامەیەش بەتەواوی وابەستەی میر و ڕۆڵی خۆی کردووە بۆ ئەو. گرگن، لەکۆتاییدا، لە کونجەکانی زیندانیدا (بە تەنیا و دوور لەوانی تر) دەهێڵرێتەوە و تا دێت لە بەر یەک هەڵدەوەشێت و ئەنجام دەست لە نووسینیش هەڵدەگرێت.

سەرچاوەکان:

Angelöw, Bosse & Jonsson, Thom (1990); Introduktion till socialpsykologi, Studentlitteratur, Lund

Aronson, Elliot (1995); The Social Animal, W.H. Freeman and Company, (New York (NY

Brewer, Marilynn B. & Crano, William D. (1994); Social Psychology, West (Publishing, St. Paul (MN

Lagerkvist, Pär (1944); Dvärgen, Albert Bonniers Förlag, Stockholm

Mischel, Walter (1993); Introduction to Personality, Harcourt Brace, (Orlando (FL

Pervin, Lawrence A. (1984); Personality: theory and research, John Wiley & (Sons, New York (NY

(Smith, Ronald E. (1993); Psychology, West Publishing, St. Paul (MN